# گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان



دەسبیح و
لەچك و
یادگاریەکانی
دایکم
باشترین
هاوڕێمن لە
دووره
وڵاتی...!.

## ئەوکاتانەی براگەورە بۆ ماڵی دونیا

# جگە لەفرۆشتنی خوشکەکەی بۆ ئەوەی پارەکە بەتەنیا بۆ خۆی بێت بوختانیشی بۆ دەکات

**ئا : فایلی کۆمەڵایەتی**

من ناوم نەرمینە، یەکێکم لە کەسە هەرە ناو چاوان رەشەکەی خێزانەکەمان، خوشکێکی داماوو هەشت برام هەیە.. تەمەنم یازدە ساڵان بوو کە دایکم کۆچی دوایی کردووە باوکیشم هەفتەیەك دوای ئەو جەلتە لێیداو لەسەر جێگە زەلیل بوو، براکانم هەموویان ژنیان هێنابوو تەنها (ئەحمەد)نەبێت، خوشکەکەشم بە ژن درابوو بۆ حەسەنی براگەورەم. کاتێ تەمەنم بووە سێزدە ساڵانو بەژنو باڵام بەرزبۆوەو تا دەهات جوان دەهاتمە بەرچاوان، لەوکاتەدا زۆرترین فشارم دەخرایە سەر بەتایبەتی لەلایەن حەسەنی برامەوە. ئەوکاتەی دایکم مابوو ژیانم خراپ نەبوو، بەراستی ئەو بۆمن کۆڵەکەی ماڵ بوو، لەدوای ئەو ژیانم لێ تێکچوو، تا دوای ساڵێکیش کاتێ چاوم بە شوێنی دایکم دەکەوت دەستم دەکرد بە گریان، جاری واهەبوو لەبەر خۆمەوە بانگی دایکم دەکردو دەم گوت"دایە، دایە"، بەڵام هیچ وەڵامێکم نەدەبیست، کاتێ حەمامم دەکرد، لەخۆمەوە جلی دایکم دەشۆردو وشکم دەکردەوەو جوان بۆم قەد دەکردوو لەناو باولیەکەی هەڵمدەگرد، بە مردنی دایکم منی بۆ ئەم هەموو ئازارە بەجێهێشت. خۆی کەمی ئازار نەچێشت ئەوجار سەرەی نەرمینەکەیەتی. من رقم لەخۆمو جەستەم بوو دەمگوت" گەر کوڕبایەم قەت وانەدەبووم".

رۆژ بەرۆژ گەورە دەبوومو جەستەم گەشەی دەکردن نازانم بۆچی وابووم کەس وەکو من خەفەتی نەدەخوارد..دواتر من لەگەڵ ئەحمەدی برام لای حەسەنی برام مامەوە، شەش براکەی دیکەشم لەگەڵ باوکم لە گوندێکی زۆر دوور لە ئێمە نیشتەجێبوون، منیش لەو رۆژەوەی کەوتمە لای براگەورەکەم، هەموو رۆژێك لە کێشە دابووم لەلایەك بوختانی بەردەوامی براژنەکەمو لەلایەکی دی دڵرەقی حەسەنی برام، هەروەها تانەو تەشەری ئەحمەدی براشم لەوێ بوەستێ، جا وەرە لێرە ژیان ببەسەر، نازانم من بە چ وشەو دەربڕینێك گوزارشت لەو ژیانە ناهەموارەی خۆم بکەم، هەرگیز ئەو کاتەم بیرناچێتەوە کە ماوەی دووساڵو نیوبوو دایکم مردبوو، لەگەڵ ژنێکی دراوسێمان خۆمان ئامادەکرد بۆ سەر گۆڕی دایکم، شەو خەوم لێنەکەوت وامدەزانی بە راستی دەچم بۆلای، بەڵام نەمزانی براژنەکەم کە دەیەوێت بەیانی (نان)بکات. کاتێ بەیانی زوو هەستام خۆم بۆ سەرقەبران ئامادەکرد دەبینم براژنەکەم تەشتێك هەویری بۆ شێلاوم. بەڵام من لە دڵی خۆمدا لەو کارەی زۆر پەست بووم، نەمتوانی قبوڵی بکەمو نەچم بۆسەردانی گۆڕی دایکم. لەگەڵ ژنەکە رووم لە گۆڕستان کردوو لەسەر گۆڕی دایکم زۆر گریام، باسی ئەوەم دەکرد کە براکانم چەندە لەگەڵم ستەمکارن، براکانم کە لە جەرگی دایکم بوون زۆر دڵرەقانە من کە خوشکیانم دەمچەوسێننەوە، بەڵام ئەمجارەش وەك هەموو جارەکانی دیکە بێ وەڵام بوو.

نزیکی نیوەڕۆ بوو هاتینەوە.. بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە گلکۆی دایکم بەجێهێشتو بۆ ماڵە دۆزەخیەکە گەڕامەوە. کاتێ گەڕامەوە بینیم حەسەنی برام وەکو بەراز سوڕ هەڵگەڕابوو و کوتەکێکی بە دەستەوەبوو چاوەڕوانی منی دەکرد کاتێ بەم جۆرە بینیم گوتم" ئا ئەوە منم بمکوژە، تا خۆم ناچار نەبووم خۆم بکوژم".. لەو کاتەدا پاڵێکی پێمەوەناو راستەوخۆ پێیەکانم کەوتنەناو پۆلوە گەشەکانی شوێنی نانکردنەکەی براژنم کە بەدار نانی کردبوو، لەوکاتەدا هەردوو پێیەکانم بە تەواوی سوتانو خەریك بوو لەتاو ئازار شێت ببم بەڵام ئەو نەیبردم بۆلای دکتۆرو دەرمانی سروشتی پیرێژنانیان بۆ هێناو لە قاچمیان دەدان، دوای ئەوە ماوەیەکی دوورودرێژ نەمتوانی لەسەر پێیەکانی خۆم بوەستم، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئیشکردن نەوەستامو شەوانە هەر بۆ حالی خۆم دەگریام. حەسەنو ئەحمەدی برام ئەوەندە دەمارگیر، بەقسەی خۆیان ئەوان منیان ئامۆژگاری دەکرد بەڵام لەگەڵ هەر ئامۆژگاریەکیاندا تێریان لێ دەدام..!، بۆم دەرکەوت رقی ئەوان لەمن هۆکاری ئەوەبوو کە زۆرجار بە کچێکی جوان لای کوڕانی گەڕەك باسمکراوە!تاوای لێهات کە بە تەواوی زیندانیم بکەنو تەنانەت سەر گۆڕی دایکیشمیان لێ قەدەغەکردمو هەروەها ماڵە هاوسێو خزمەکانمان هەر بە تەواوی قەدەغەبوو، تەنانەت سەیرکردنی ئاوێنەش بۆمن نەبوو..هەرکاتێ قژم شانە کردبا وەك جاسوس خۆیان لێ مەڵاس دەدام، داخۆ من چەند خۆم جوان دەکەم!، تەنانەت چەندینجار شانەو ئاوێنەیان لەسەردا شکاندووم، پێیان دەگوتم" تۆ بۆکێ خۆت جوان دەکەی؟!"، سەرەڕای ئەو هەموو سوکایەتیەش دڵم بەهێزبوو بەرگریم دەکرد، لەو بروایەدابووم رۆژێك دادێ هەمووشتێك باشدەبێو براکانیشم رۆژێك لەگەڵم باش دەبن، بەڵام من هەرگیز ئەو رۆژەم لەژیانی خۆمدا نەدیتو لەکولەکەی تەڕیشدا ئەو خۆشیە بۆ من نەبووو نەهات.

زۆرجار لەخۆمم دەپرسی " من بۆچی دەژیم؟" چونکە جگەلە کوێلەیەك شتێکی دی نەبووم.. دوو مانگ چوومەوە گوند وامزانی ئەوان باشن لەگەڵم، بەڵام نەمزانی ئەوانیش لە ئەحمەدو حەسەنی برام دڵپیسترنو هیچ جیاوازیان نییە.. لەماوەی ئەم دوومانگە یەکێ لە کورەکانی ئەو گوندە هاتە داوام کە من تا ئەو کاتەش نەمبینی بوو، نەمزانی مەسەلە چییە بەیانی زوو لەگەڵم هاتنەوە بۆ ماڵی حەسەنی برام، نەمزانی هۆی چییە کە هاتمەوە هەموویان لەگەڵم مۆنو بوغزاوی بوون، براژنەکەم دەیگوت" هەر ئەوەندە رووی لەوێ کرد هەموو کوڕی گوندەکەی بەخۆی فێرکرد...!" ساڵ هاتو رۆی هیچ لە ژیانم نەگۆڕا هەرکاتێ حەسەنو ئەحمەدی برام رقیان لێم هەڵدەستا بۆ گوند بەرێیان دەکردم، ئەوانیش کاتێ لێم وەڕەس دەبوون بۆلای حەسەنو ئەحمەدو براژنەکەم بەرێیان دەکردمەوە، لەم دۆزەخە بۆ ئەو دۆزەخە، تا تەمەنم بوو بە (١٦)ساڵان ئەوە ژیانی من بوو. بەخودا هێشتا نەمدەزانی ئەو برایانەم بۆ وادەکەن، بێ ئەوەی هیچم لێ ببینن، تەمەنم بوو بە ١٦ساڵ هێشتا یەك وشە قسەم لەگەڵ کوڕێکی نامەحرەم نەکردبوو، دوعام دەکرد

**زۆرجار لەخۆمم دەپرسی " من بۆچی دەژیم؟" چونکە جگەلە کۆیلەیەك شتێکی دی نەبووم.. دوو مانگ چوومەوە گوند وامزانی ئەوان باشن لەگەڵم، بەڵام نەمزانی ئەوانیش لە ئەحمەدو حەسەنی برام دڵپیسترن و هیچ جیاوازیان نییە**

دەمویست بزانم بۆچی وا لەمن دەکەن‌و تا کەم‌و کوڕیەکانی خۆم بدۆزمەوە باشبم، بەڵام شتێکم لەخۆمدا شك نەدەبرد، کەس نەبوو هانای بۆ بەرم باوکیشم لە زمان کەوتبوو هیچ دەسەڵاتی نەبوو. مەلایەکی تۆزێ ناسیاومان هەبوو، ئەو زۆر بە تەقواو باش بوو ویستم پێی بڵێم کە لەگەڵ براکانم قسە بکات بەڵکو خودایە تۆزێك باشبن، بەڵام کە زانیان دەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم، کردیانە هات‌و هاوارو گوتیان بۆ چیتەو چیت دەوێت؟! جارێکی دی قسەی وات لەدەم نەبیستین، ئەو مەلایەش کە کەمێك رووناکی من بوو ئەویشیان کوژاندەوە، بۆیە لەماڵ دانیشتم چاوم تەنها لە لوتفی خودا بوو تا رۆژێك براژنەکەم هات‌و پێی گوتم "نەرمین دەبێ شوو بە خاڵێکی من بکەی...!" من ئەو قسەیەم زۆر پێخۆش بوو بەڵام تا ئەوکاتەش خاڵەکەی ئەوم نەدیبوو نەمدەناسی.. وام هەست دەکرد کە رزگارم دەبێت لە دڵی خۆمدا دەمگوت" ناخۆشی هەرچەندە زۆربێت، بەلام رۆژێك هەر کۆتایی دێت".. دەمگوت" خودا ئاگادارە کە چەندە بە بەشی خۆم شوکرم، ئەویش پاداشتم دەداتەوە". ئەو رۆژە من زۆر شەرمم دەکردو هەر لە ژورەکەم خۆم خەریککردبوو بە منداڵەکانی کاکە حەسەنم، بۆیە نەچوومە لای براکانم. شەو براژنم هات‌و گوتی" بەیانی خاڵم دێت‌و مارەت دەکات".. ئەوەی بیرم لێنەکردبۆوە ئەوە بوو کە بۆچی شەش براکانی دیکەم دیارنین‌و ئاگادارنین!. نازانم بۆچی وا بێ مێشك بووم، بەیانی کاتێ رۆژ بۆوە، خۆزگە چاوم بە خۆر نەکەوتباو نەدیبا.. نازانم بۆچی خۆم نەکوشت، چونکە ئەو کەسەی کە لە خەیاڵی خۆم وێنەم کێشابوو دەمویست شووی پێبکەم، کوڕێکی گەنجی وەك خۆم جوان بوو، خاڵە شەل‌و گەورەکەی براژنم بوو کە دوو ژنیشی هەبوو، باوەڕتان بێ کاتێ هاتنە ژوورەوەو بینیم وامزانی باوکی کوڕەکەیە، بۆیە تا ماوەیەك هەر چاوەڕوان بووم کوڕەکە بێت، بەڵام نەهات‌و پیرەپیاو هەرخۆی بوو، دڵم زۆر پڕبوو لەوکاتەدا دامە پڕمەی گریانێکی زۆر بە خوڕو بڕیارمدا خۆم بکوژم تا ئەو خاڵە شەلەی براژنم پێڕانەگات مارەم بکات. بەڵام من چۆن خۆم بکوژم کە هەموو دەورەم گیراوە. دووبراکەم کاتێ دەیانزانی بەنیازم شتێك بەسەر خۆم بهێنم بۆیە زۆر چاودێریان دەکردم، خاڵەکەشی دەیویست قسەم لەگەڵ بکات، ئەو شەوە براژنم‌و خاڵەکەی‌و دووبراکانم‌و ئەوانەی لەگەڵ خاڵی براژنمدابوون دەم بە خەندەبوون، منیش لەناخەوە وەك دۆزەخ دەکولام، چاوم لەبەر گریان ئاوسابوو، هەمیشە لە داڵغەدابووم‌و دەمگوت" چۆن لەگەڵ ئەو پیاوەدا بژیم کە وەکو باوکم وایە، خۆ ئەوە خەونی من نەبوو، بریار نەبوو خودا خەراپترم لێبکات؟!". ژوورەکەی من چۆڵبوو، پیاوەکان چوون بۆ ژووری مەلا کە لەم کاتەدا هاتبوو، ژنەکانیش چێشتیان ئامادە دەکرد، تەنها یەکێکیان لای من مایەوە منیش هەستام‌و چوومە لای باولیەکەی دایکم دەسبیح‌و لەچکە هەوریەکەم دەرهێناو دەسبیحەکە لەناو لەپی دەست‌و لەچکەکەم لە ملی خۆم پێچا، گوتم خوشکێ بە یارمەتیت ئیشی سەرئاوم هەیە، کە هاتمە دەرەوە دەنگی پیاوەکان دەهات‌و لە ژوورەوە تەکبیری بەشوودانی کچێکی تەمەن ١٦ ساڵانەیان دەکرد بۆ پیاوێك کە بە باوکی دەشێت، ژنەکانیش هەر یەکەو خەریکی ئیش بوون‌و ئاگایان زۆر لەمن نەبوو، چوومە حەمام‌و لە درزی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد داخوا چۆڵ نەبووە، یەك دەهات‌و یەك دەڕۆیشت، هێندەی پێنەچوو براژنم‌و سێ چوارێك لە ژنەکان رۆیشتن، تەنیا ژنێکی بەساڵاچوو چەند منداڵێکی لێ مابوو، منیش چاوم شۆردو هاتمەدەر، لەوکاتەدا پیرێژنەکە دەستنوێژی دەشۆردو منداڵەکانیش گاڵتەیان دەکرد، دەست بەجێ لە ماڵ چوومە دەرەوەو لەچکەکەی دایکم لەملی خۆم ئاڵاندو بەم تاریکە شەوە ماڵم بەجێهێشت، لەوکاتەدا نەمدەزانی روو لەکوێ بکەم تاك تاك پیاوم دەدیتن، زۆر سەیریان دەکرد بەڵام باشبوو نەیان دەناسیمەوە، هێشتا هەر لەگەڕەکی خۆمان دەرباز نەبووم، پیاوەکان بە سەیرکردن بێزاریان کردبووم، ئاخر ئەوانیش پێیان سەیر بوو لەم درەنگەدا ئافرەتێك بە تەنیاو بە هەڵەوەری بۆ کوێ دەچێ؟، ماڵێك لە کۆتایی گەڕەکدا بوو ماڵی کاك حەمەدیان پێدەگوت، کە حەوشەیان نەبوو، پیرێژنێك دیاربوو لەسەر تاتە بەردێك نوێژی دەکرد، من وام هەست دەکرد ئەوە دایکمە نوێژ دەکات، لەوکاتەدا ئارەزوویەکی سەیرم هەبوو کە بۆلای راکەم‌و لەباوەشی بگرم، تا بۆنی ئەو مێخەکەی ملی بکەم کە دایکیشم هەمیشە لە ملی دابوو، کاتێ لامدا ژنەکە لەنوێژدابوو بەڵام پیاوێك هاتە دەرەوەو زۆر نوورانی‌و پاك دیاربوو، بردمیە ژوورەوە سەرەتا هەموو بێدەنگ بوون، کاتێ پیرێژنەکە هاتە ژوورەوە دەتگوت دایکمە، وەك ئەو لەچکی سپی‌و پارچە پەڕۆیەکی سەوزیشی لەسەر بەستبوو، ملیشی بە مێخەك نەخشاندبوو هەر سەڵاواتی لێدەدا، بەدەست خۆم نەبوو کە بەم جۆرە بینیم دەستمکرد بە گریان، هەموویان لایان سەیر بوو، دەستیان کرد بە پرسیار..منیش لە نووکەوە هەموویم بۆ گێڕانەوە، ئەوان زۆر بە زەییان بەمندا هات بەتایبەتی پیرێژنەکە، ئەوان گوتیان



ئامادەین رزگارت بکەین.. زۆر میهرەبان بوو گوتی کچم خەفەت مەخۆ ئینشاللە بە مرادی خۆت دەگەیت، ئەم ماڵە کوڕێکی گەورەیان هەبوو بەڵام لە شارێکی دیکەبوو. کاک حەمەد گوتی "لەگەڵ چەند مەلایەکدا دەچینە ماڵی براکانت"، بەڵام کە گوێم لەم قسەیە بوو دەستمکرد بە گریانو پاڕانەو تاکاک حەمە نەڵێت من لەوێم گوتم( بمکوژن ناچمەوە بۆ ماڵی براکانم)، ئەویش گوتی" باشە ناچم بابزانم چۆن دەبێ". سێ هەفتە لەم ماڵەدا مامەوە وەکو کچی خۆیان حسابیان دەکردم، منیش زۆر هەوڵم دەدا باشبم لەبەر چاویان، تا شەوێکیان کاک حەمەد هاتەوە بەڵام تۆزێك تورە دیاربوو، گوتی" خودا پیاوی پارەپەرستو بێویژدان لەناو ببات، ئێستا باش دەزانم تۆ حەقیو ئەوان حەیوانن، تۆیان بەپارە بە خاڵی براژنەکەت فرۆشتبوو، کاتێ لە مزگەوت باسی ئەو شتەم بۆ کردن گوتیان بێتە بەردەستمان بێ چەندوو چوون دەیکوژین، منیش لەگەڵ حاجی مەلا زۆر قسەمان لەگەڵ کردن تا هێنامانە قەناعەت کە تۆ لەوان بکڕین، لە کورە گەورەکەی خۆمانت مارە بکەین، کوڕەکەمان هەینی لە ئیش دێتەوە گەر پێی رازیبووی پیرۆزە، گەر پێی رازی نەبووی ئارەزووی خۆتە"، کاتێ قسەکانی تەواو کرد ژوورەکەی خۆی بەجێهێشتو تەنیا خۆم بە تەنیا مابووم، هەزار شتم بە خەیاڵدا دەهاتو لە دڵی خۆمدا دەمگوت دیسان بەشو دەدرێمەوە، زۆر دەترسام ئەو کوڕەش وەکو خاڵی براژنم بێت، بەڵام کە بیرم لەکاك حەمەد دەکردەوەو دەیگوت" با چاوت پێی بکەوێت ئەوکات بە ئارەزووی خۆت بکە"کەمێك ئارام دەبومەوە. رۆژی هەینی کورەکەیان هاتەوە، بینیم کوڕێکی زۆر رێكو پێك بوو بەڵام جوان نەبوو، ئەو زۆر رێزی لێگرتمو تەنانەت دەیگوت "ئەگەر بە من رازی نی قسە بکە، زۆر ئاساییە". خودا دڵی نەرم کردمو رازیبووم. گوتم مادام پورەفاتمو کاك حەمەد رازین منیش رازیم، بۆ دوو بەیانی مارەیان کردم، بەڵام من ئەوکات دڵم زۆر تەنگ بوو چونکە کەسی خۆم نەدەبینی، تەنها ئەوەی زۆر دڵی دەکردمەوە دەسبیحو لەچکی دایکی خوالێخۆشبووم بوو لەگەڵ پوورە فاتم. ئێوارەیەك کاك حەمەد لە مزگەوت هاتەوەو گوتی" دووبراکانت دەڵێن: بە لەعنەت بێت، رەدوو کەوتوو با لەم شارەدا نەمێنێ. چونکە شەش براکەی دیکەی تێگەیاندووە کە تۆ رەدوو کەوتووی". کەوای گوت، بە گریانەوە گوتم" کاك حەمەد، پورێ توخوا من رەدوو کەوتووم، یان فرۆشتیانم". کاك حەمەد گوتی" ئەستەغفروڵڵا رەدووکەوتنی چی ئەوە تۆمەتی ئەوانە، کچم مەراق بەمە مەخۆ، لەبەر سەلامەتی خۆتان پێمباشە بچنە ئێران، عەلی کوڕیشم هەژارنییەو چەند ساڵە ئیش دەکات، بڕۆن تا ئەو دووبرایە شەیتانە شتێکیان بەسەر نەهێناون" دوای مارەکردنم دایکی عەلی بردمی بۆ بازاڕو شتی بۆ کڕیم، خۆمان ئامادەکردو چوومە لای گۆڕی دایکمو تێرگریام، دەمگووت خودایە چی دەبوو گەر دایکم زیندووبایەو خوشكو براکانم لە تەنیشتمەوە بانو منیان بەخۆشی بەڕێکردبا، بەڵام دایکم مردوو خوشکەکەم دووساڵ دەبوو نەمبینیبوو، باوکیشم لەسەر جێگە زەلیلو داماو کەوتووە. لای شەش براکانیشم رەدووکەوتوومو لای دووبراکەشم فرۆشراوم. چووینە ئێرانو بیستم کە ئەحمەدو حەسەنی برام لای باوکمو شەش براکەی دیکەم گوتبوویان" (نەرە)مەبەستیان نەرمین بوو. رەدوو کەوتووە، بەڵام لای باوکم دەڵێن مردووە". هەندێك لە خەڵك راستیەکە دەزانن‌و هەندێکی دیکەش وادەزانن مردووم. من هێشتا لە ئێرانمو خوداش خۆی دەزانی من چەندە پاکم، بەڵام هێشتا ترسی ئەوەم لە شەش براکەی دیکەم هەیە کە شوێنم هەڵبگرنو بێن بمکوژن. بەڵام عەلی مێردم دەڵێ" با بگەڕێینەوە کوردستانو لای شەش براکەی دیکەت راستیەکەیان پێ بڵێین، چۆن دەبێ بە رەدووکەوتوویی حسابت بۆ بکرێ". منیش پێی دەڵێم" ئەوە هەر نابێ، چونکە لەگەڵ ئەحمەدو حەسەنی برام دەیکەن بەشەڕ، با کێشەکە گەورە نەبێت، با تەنیا خودای گەورە حەقی منیان لێ بستێنێتەوە، چونکە هیچ کەس وەکو خودا لە حاڵی من بە ئاگا نییە، کە ئەو هەشت برایانە نانی خوشکێکی خۆیان نەداو ئاوایان لێکردم، لەپێناو بڕێك پارەدا شار بەدەریان کردم". هێشتا بیرم نەچۆتەوە کە لە لای گۆڕی دایکم هاتمەوە براکەم خستمی بەسەر پشکۆی ئاگرو قاچم سوتا...هەموو ئەوشتە ناخۆشانە هەرگیز بیرم ناچنەوە. تەنیا دەسبیحو لەچكو یادگاریەکانی دایکم باشترین هاوڕێمن لە دووره وڵات...!.

# چیرۆکی ئەو برایەی خوشکێکی خۆی کوشت بۆ بەدەستهێنانی کچێك

کاتێك جوامێری برای مەسەلەی شوکردنی شلێرو ژنهێنانی خۆی لەگەڵ شلێری خوشکی باسکرد، شلێر زۆر دڵخۆشبوو، چونکە براکەی ئەو دڵسۆزیەی لەگەڵ دەنوینێو دەیدات بەکەسێك کە لەگەڵ ئەوەیدا تۆزێك کەم ئەندامە، بەڵام ئەو خۆشی دەوێتو چەند ساڵە پەیوەندییان هەیەو خەڵکی یەك گوندن. ئاخر شلێری تەمەن ٢٢ساڵ، چوزانێت بەهۆی ئەم ژن بەژنەیەوە داهاتووی لێڵو تاریك دەبێت..؟!، ئەو بۆ براکەی شوی کردو ژن بەژنەی پێکرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هاوسەری خۆی خۆشدەویست، بەڵام، لەیەکەم رۆژی شوکردنی تا کۆتایی ئەم چیرۆکە راستەقینەیە، هەموو رۆژێ لە ماڵی باوکی بوو، ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو کە شلێر ئافرەتێکی خراپ بێتو لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی هەڵنەکات، بەڵکو پەیوەندی بە براکەیەوە(جوامێر)ەوە، هەبوو کە لەگەڵ (کەژاڵ)ی هاوسەریدا نەدەگونجا، باوەڕت هەبێ، رۆژی وا هەبوو شلێر لەوپەڕی خۆشیو بەڕێکردنی لەزەت دابوو، لەگەڵ پشتیوانی هاوسەریدا، کەچی لەناکاو براکەی بەژوور دەکەوتو دەیگوت: شلێر خۆت حازربکە دەبێت بڕۆین چونکە ژنەکەی منیش رۆیشتووە.. ئەمە ژیانی بەردەوامو دووبارەبوەی هەموو رۆژەی شلێر بوو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا. ماڵیان هێنا بۆ شارۆچکەی(چ)و لەوێ هاوسەرەکەی خەریکی فرۆشتنی گولەبەڕۆژەو کرێکاریو پاقلە فرۆشی بوو، تەنها بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بژیێنێو ئەو ژیانە خۆشەیان لێ تێك نەچێ، بەڵام، براکەی کە لەگەڵ خوشکی پشتیوانی هاوسەری شلێر کەناوی(کەژاڵ)بوو، نەدەگونجانو هەموو رۆژێك وەکو ئاگربوون لەگەڵ یەکتری، ئەوەش پەیوەندی بە دڵڕەقیو سەرشێتی جوامێرەوە هەبوو نەك کەژاڵ.. زۆر جار شلێر باسی قەهرو دەردەسەری دەروونی خۆی بۆخەڵکیو دراوسێکانیو ئەوانەی کە لێی نزیك بوون دەکردو دەیگوت" ئاخر من چیبکەم لەو ژیانە؟ توخوا مردن لەو حاڵە باشتر نییە، براکەم لەسەر پەرداخێك ئاو لەگەڵ ژنەکەی بەشەڕدێتو لە ئەنجامیشدا دەبێت منو پشتیوان بۆماوەی یەك مانگ لێك دور بکەوینەوە تا خێرخوایەك هەردوولامان دەگەیەنێتەوە لای یەکتری".

شلێر دەیزانی سەرەنجامی ئەو شوکردنەوەی خێر نابێت بۆیە زۆرجار دەیگوت "مردن گەلێك لەم ژیانەی من سەربەرزانەترە". ئاخر ئەوەی کە زۆر سەیربوو جوامێری برای کە خوشکی پشتیوانی لابوو، زۆر توڕەو ترش بوو، بەردەوام ئاگری لە نێوچاو دەباری، رۆژ نەبوو شەڕێك نەکاتو ئاژاوەیەك بێ هیچ هۆیەك بەرپا نەکات. ئاخر ئەو یەکێك بوو لە پێشمەرگە شەڕکەرەکانو بەردەوام تفەنگەکەی لەسەر دەست بوو، هەر تۆزێ سەرپێچیت کردبا ئەو میلی تفەنگی دەهێنایەوە دەیگوت" سەگبابینە بتانتۆپێنم؟!". ئالەو کاتەدا کەژاڵ قودەرتی چی هەبوو. بەراستی ئەوەش بڵێم، کەژاڵ زۆر مەردبوو، هەرگیز ئەو سەرشۆڕیەی جوامێری قبوڵ نەدەکردو بەجێی دەهێشت، باوەڕ بکەن، ئەگەر لە بەر پشتیوانی برا گەورەی نەبایە، بۆ ئەوەی ماڵی لێ تێك نەچێتو دەیزانی چەندە بەختەوەرنو بێکێشەن، لەیەکەم هەفتەوە داوای جیابوونەوەی لەجەوامێر دەکردوو، هەرگیز ئامادەنوو لەگەڵیدا یەك چرکە بژی، بۆیە هەموو جار دەیگوت" چیبکەم دەستی براکەم شکاوەو نامەوێت ماڵ لەوی بێکێشەو بێشە بڕوخێ" ئاخر ئەو راستی دەکرد، چونکە هیچ کاتێك پشتیوانی برای بە شلێر ناوی خێزانەکەی نەدەهێناو، هەمیشە بە ختەوەرو بێ کێشەبوون، بەڵکو هەموو کاتێك پشتیوان بە (کۆترەکەم)ناوی شلێری دەهێناو شلێریش دەیگوت (بولبولەکەم)، ئەم بولبول کۆترە چوو بوە سەرزاری هەموو ئەو کەسانەی ئەو خێزانەیان دەناسیو هەموو جارێك دەیانگوت ئەوە ماڵی کۆترەو بولبولەکانە.. ئەفسوس.. ئاخ، کێ دەیزانی جوامێر لەپێناو حەزە چڵکنەکانی خۆیدا داهاتووی تۆ شلێرو یەك خێزانی گەورە تاریك دەکات؟.

کاتێ جوامێر، بەردەوام بوو لە کێشەکانیو رۆژ نەبوو بەسەرخۆشی چەند فیشەکێ نەتەقینێو کاتێ کە دەسەڵاتو یاساش دەیانزانی ئەوە جوامێرە زللەیە کە لەناو خەڵكو پێشمەرگەکان بە رەسوڵە زلە ناسرابوو، ئەوا بەلای دانەدەچوونو دەیانگوت: بابە ئەوە هی خۆمانە، چ پەیوەندیمان پێوەی هەیە، یارەببی هەموو ژنو منداڵی خۆی خەلاس دەکرد". ئاخر ئەوان راستیان دەکرد! چونکە لەوسەردەمە ژن کوشتنو سوکایەتی بەژنان زۆر ئاسان بوو، لەبەر ئەوەی بەرەی شەڕی ناوخۆ گەرم بوو رۆژانە چەندین لاشە لەبەینی براکاندا دەکەوتن، جوامێریش، یەکێك بوو لە پیاوە شەڕکەرەکان، بۆیە لەناو حزبدا زۆر رێزی دەگیرا. بەهەرحاڵ، تەلاق بە تەلاق کراو ژیانی شلێرو پشتیوان هێندەی دی تاریك بوو، ئەوان سەرباری ژیانی هەژاریو دەردەسەری زۆر، بەڵام ژیانی پڕاو پڕە لە خۆشەویستیان هەبوو، بۆیە بە جیابوونەوەیان ئەوەی کەهەبوو رووخا. کاتێ لە دادگا جیابوونەوەکە کۆتایی پێهات، پشتیوان بە چاوی پڕگریانەوە بە شلێری گوت" کۆترەکەم.. کۆترەکەم.. قورئانەکە لای خۆم دەپارێزم.. هەموو جارێك نوێژی بەرامبەر دەکەمو دەڵێم: خودایە ئەو زوڵمە قبوڵ نەکەی". دوای ئەوە ئەوان لێك جیاوونەوەو هەرکەسەو بۆماڵی خۆی.

بیرمان نەچێت پێنج مانگ پێش جیابوونەوەی شلێر لە پشتیوان سکی هەبوو، تەمەنی حەملەکەشی پێنج مانگو شتێك رۆژبوو. بەدبەختیەکانی شلێر چەندەبوو، بەهۆی ئەو منداڵەی ناوسکیشیەوە، هێندەی دی خەفەتو نیگەرانی لە دەروونیدا زیادی دەکرد، ترس لە قسەی خەڵكو بێوەژن کەوتنی شلێر، رووبەروی گەلێك فشاری توندی دەروونی دەبۆوە، تا ئەو ئەندازەیەی چەندینجار هەوڵی دا خۆی بسوتێنێ. ئەم وەزعەی شلێر بەم شێوەیە بەردەوام دەبێتو رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت، دوای ئەوەی منداڵەکەش لە دایك دەبێتو کوڕێکی چاوشینو سپی پێستی خرپن لەدایك دەبێت، بە گریانەوە هەر لە نەخۆشخانە لە باوەشی دایکی دەری دەهێننو دەیبەنەوە ماڵی باوکی، چونکە لەناو کورددا واباوە منداڵ کچ بێت یان کوڕ، هی پیاوەو ژن تەنها ئەرکی هێنانە سەر دونیای لەسەرەو پێویستە دەستبەجێ بگەرێندرێتەوە لای باوکی، چونکە نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمە منداڵ بەهی پیاو دەزانێ..!. ئەو باوکەی هەموو ژیانی خۆی بە خۆشەویستەکەی کە ناوی نابوو کۆترو ئەو منداڵە تەرخان



کردبوو، کە بڕیاربوو بەیەکەوە لە باوەشی بگرن‌و هەموو ڕۆژێك بەیەکەوە باسی ئەوەی لەگەڵ شلێر دەکرد" ئەگەر لە دایك بوو، چۆن لە باوەشی دەگرێت‌و شەوانیش لەلای خۆی دەیخەوێنێ، هەموو جارێك دەیگوت" نیشتیمان هەرگیز بیر لەوە نەکەیەوە لانك بۆ منداڵەکەمان بکڕی‌و بیبەستیەوە دوور لە باوەشی من، دەبێ تا بەیانی لەناو باوەشی مندا بخەوێت.. ئاخ، دەزانی چەندە بەپەلەم تا دێتە دونیاوەو بەختەوەرم دەکات..؟ دەزانی، چەندەش دەترسێم شلێر براکەت ئەو بەختەوەریەمان بشێوێنێ‌و بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ خوشکەکەی منەوە، من‌و تۆش سەرگەردان ببین؟". سەرەنجام هەموو ئەو مەترسیانەی کە پێشبینی کردبوو هێمن‌و شلێر تووشی هاتن‌و کێشەی نێوان نیشتیمان‌و جوامێر سەرەنجام یەخەی شلێرو پشتیوانیشی گرتووە، ئەوانیش لێك جودا بوونەوە.

ئەو ڕۆژەی کە شلێر لە نەخۆشخانە منداڵی بوو، کەس‌و کارەکەی دەست بەجێ لەناو بەتانیەکدا بەو بەیانیە زووە حەواڵەی ماڵی هێمنیان کردەوەو کۆرپەکە درایەوە ماڵی باوکی.. ئەو ڕۆژە، لە تاوی منداڵەکە سەری گێژ بوو نەی دەزانی هاوار بۆکێ ببات، ئەوەندەی دوعا کردبوو لە خودا پاڕابۆوە، لە ئەویش بێزار ببوو، نەی دەزانی چیبکات، سەرەنجام بەو شێوە ژیانە ڕاهات، بەڵام کاریگەری ئەو منداڵەو قسەی خەڵك‌و بیرکردنەوە لە ڕابردووی هەرگیز بەرۆکی بەرنەدەداو کەم شەو هەبوو بە ناڵە گریان‌و داوای منداڵەکەی خەوی لێ نەزڕێ.

شلێر وەك چۆن بەدبەخت بوو لە ژیان خێزان‌و منداڵەکەیدا، ئاوەهاش دوای جیابوونەوەی برا گەورەکەی مژدەیەکی خەمهێنەری پێدا کاتێ پێی گوت"گەر کەسێکی (پیاوم) لێهەڵکەوت‌و خوشکێکی عاقڵی هەبوو دەتدەم بەژن...!"، بەڵام شلێر بڵێ چی‌و توانای چیی هەیە، کە برا گەورەی جگە لەو دەسەڵاتی پیاوانەو براگەورەیی خۆی حزب‌و دەسەڵات‌و فەوجێك چەکداری لەپشت بوو. شلێر دەیزانی ئایندەی گەلێك لێڵە، بەڵام هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە بەم شێوە تراژیدیە تێدابچێ. هەر لەهەمان گوند کە ئەوان لێی دەژیان، براگەورەو موجریمەکەی شلێر دڵی دەچێت بە کچێکەوە، بەڵام ئەو کچە نەك هەر خۆشی ناوێت، بەڵکو هەموو بەهۆی نزیکی‌و بچوکی گوندەکەوە هەموو چیرۆکی ناپیاوەتی‌و ناشرینی ئەوپیاوەی بەچاکی دەزانی، ئەوەندە ڕقی لێی دەبۆوە، وەکو ئەوە وابوو پێشتر خێزانی بووبێ‌و

# بۆ دە ساڵ دەچێ نەشمیل لە ژیانێکی دۆزەخی دایە لەگەڵ جوامێرو دە بەهاریشە گیا لەسەر گۆڕی بێنازی شلێر سەوزدەبێتو وشك دەبێتەوە..

لێی جیابووبێتەوە.. ئاخر ئەو کێشەیەی ئەو کوڕە لەناو ئەو خێزانە درووستی کردبوو، کەم کەس هەبوو لە دوورو نزیکی ئەوگوندە بەم کێشەیەی نەزانیبێ. جوامێر کۆڵی لە کچەکە نەداو چەندجارێك ناردیە خوازبێنی، بەڵام هەموو جارێك نەك لەلایەن کچەکەوە، بەڵکو لەلایەن تێکڕای بنەماڵەی کچەکەوە بە تەواوی ڕەت دەکرایەوە. بەڵام جوامێر وەکو نەبای دیبێو نە باران، چەندجارێك بەرپرسو هەندێ لە پیاوانی هاوبۆچوونی خۆی لە ناو خزمەکانیدا خڕدەکاتەوەو دیاننێرێتەوە بۆ داخوازی( نەشمیل).. ئەو کچە جوانەی تەمەنی لە نزیکی بیستو پێنج ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، جوامێریش تەمەنی لە چلو پێنج ساڵیش زیاتر لای دابوو. ئەو هەولانەی جوامێر سەرناگرێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئامادەی خەرجکردنی پارەی زۆرو بەڵێنی باشبوونو تەنانەت بەخشینی شلێریش بە کوڕەکەیان، ئەگەر نا، ئامادەبوو بیبەخشێ بە باوکی نەشمیل کە تەمەنی لە شەست ساڵی ڕەتی کردبوو، تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی نەشمیلدا!.

دوای ئەوەی سەرکەوتوو نابێت لەم کارەیداو هەموو پلانەکانی مایەپوچ دەبێت، فرسەت لەو هەڵسوکەوتە گەنجانەیەی براکەی نەشمیل دەهێنێ، کە ئارەزوویەکی گەورەی هەبوو بۆ خواردنی مەشڕوب، بەلام هەرگیز بیری لە ئافرەت نەدەکردەوە، جوامێر لە ڕێگەی برادەرایەتیو هەڵرشتنی پارەیەکی زۆر لە نادیو سەفرەکاندا، تا ئەندازەیەکی زۆر توانی قەناعەت بە براکەی نەشمیل بکاتو بچێتە ناو دڵیەوە، چەندجارێك لەگەڵ خۆیدا بردیەوە تەنها بۆ ئەوەی کار لە دڵی خوشکەکەی بکاتو عاشقی بێت، تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ نەشمیلی هەست ناسكو خوێندکاری ساڵی یەکەمی زانکۆ بەدەست بهێنێ. بەلام ئەو هەولانەشی وەکو باقی هەوڵەکانی دیکەی بێسود دەبێتو هیچ بەرهەمیان نابێت، تا ئەو ڕۆژەی وەکو ئەوەی شەیتان هاوکاری بێتو نەخشەو پلانی جۆراوجۆری بۆ بکێشێ، بیری لە کارێکی زۆر دۆزەخیانە کردەوە..! ئەو لەو پلانە تازەیەیدا کاری بەوە نەبوو کێ تێیدا دەچێتو کێ بەدبەخت دەکات، تەنها ئەوەی بەلاوە گرنگ بوو چۆن بگاتە نەشمیل، خەڵکی گوندەکەو تەنانەت ماڵی نەشمیلیش ئەوەیان لە جوامێر دەزانی کە زۆر کەللە ڕەقەو بۆ هەرشتێك هەوڵ بدات، واز ناهێنێ تا بەدەستی نەهێنێ، جا ئەگەر بە ژیانی خۆیشی کۆتایی پێبێت.

ئەوە بوو لە یەکێك لە ڕۆژە گەرمەکانی هاویندا فرسەت لەوە دەهێنێ کە ماڵیان جگە لە شلێری بەدبەختو چارەڕەش کەسی تری لێنییە، دەچێت بۆلای ئازادی برای نەشمیلو بەهەر شێوەیەك بێت قەناعەتی پێدەکات، کە بەشداری دەعوەتی نانی نیوەڕۆ بکات، کە جوامێر لەماڵی خۆیان بۆی سازداوە. بۆ ئەمەش لەسەر ڕێگە دەوەستێتو ڕێگە نادات ئازاد بگەڕێتەوەو لەکاتی هاتنەوەیدا ڕاستەوخۆ دەیبات بۆ ماڵی خۆیانو پێ دەڵێت" ئازاد گیان بە گۆڕی باوکم نیوەڕۆ لەماڵی ئێمەی، جگە لە شلێری خوشکم کەسی لێ نیە هەردەبێ ئەو دەعوەتەم لەگەڵ بخۆی لەبەر خاتری تۆ سازمداوە".. دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر ئازاد قەناعەتی هات بەوەی لەگەڵیدا بڕوات، بەلام وەك بڵێی هەستی شتێکی کردبێ، بە جوامێر دەڵێ باشە ڕازیم، بەلام با بچم بە ماڵەوە بڵێم تا چاوەڕوانی من نەکەنو نانی خۆیان بخۆن". ئەوکات وەك ئێستا نەبوو، مۆبایل هەبێتو لەهەمووشتێك ماڵەوە ئاگادار بکەیتەوە، بۆیە جوامێر دەڵێ : بابەگیان ئەوە دەڵێی چی، من ئێستا لەماڵی ئێوە دێمەوە پێمگوتوون ئازاد نیوەڕۆ لەماڵی ئێمەیە. ئازادیش بە بیستنی ئەو گوتانەی جوامێر قەناعەتی هاتو ڕاستەوخۆ ڕووی لەماڵی جوامێر کردوو بەیەکەوە چوونەوە. لەوکاتەدا کە دانیشتبوون پێش نان خواردن شلێر بانگی جوامێری براگەورەی کردوو بە نهێنی پێی گوت" جوامێر گیان، تۆ ئەو میوانەت هێناوەتەوە بەلام ئاوەکە زۆر گەرمەو سەهۆڵیشمان نییە چیبکەین"، جوامێر بەم قسەیە دڵی زۆر خۆشبوو، ئەوەبوو قەناعەتی بە ئازاد هێنا کە زۆری پێناچێتو دەچێ سەهۆڵ دێنێتو دێتەوە. ئازادی بەتەنیا لەوێ جێهێشتو چووە ژوورەکەی ترو سیلاحەکەی هەڵگرتو ڕۆیشتە دەرەوە، پاش سێ دەقیقە، لە دەرەوە ڕا هاوارێك پەیدابووجوامێر پڕ بە هەموو دەنگە گەورەکەی دەیقیژاندوو دەیگوت" ئەی هاوار فریاکەون، ئەو بێئەخلاقە چۆتە ماڵمان لەگەڵ خوشکم ڕادەبووری چەند فیشەکێکی نا بە بن دەستو پێی ئازادو دەرگای حەوشەکەیان، ئازادیش سەری سوڕدەمێنێو بێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە، بەسەر دیوارە نزمەکەیان کە پشتەوەی ماڵیان چۆڵ دەبێت، باز دەداتو هەڵدێ.. بەلام جوامێری جەللادو چاوبرسی لولەی سیلاحەکەی لە شلێر دەکاتو تا فیشەك لەسیلاحەکەیدا دەمینێ لە سینگی شلێری دەدات، بەم شێوەیە دەنگو باس لە دێیەکەدا وا بلاو دەبێتەوە کە کوڕی فلانەکەس لەپاڵ شلێردابووە لە ئەنجامدا جوامێریش شلێر دەکوژێت.. ئیدی جوامێر دەچێتە سەر کەلی شەیتانو دەڵێت: دەبێ ئەم کوڕە هەر بگوژم...

سیناریۆی ڕووداوەکە بە جۆرێك لەلایەن جوامێرەوە دادەڕێژرێت، تەنانەت خزمەکانی هەردوولا واتە هەم ماڵی ئازاد کە خوشکی نەشیملە لەگەڵ، کەسو کاری جاومێریشەوە تا ئەندازەیەکی زۆر جێگەی بڕوا دەبێت.. ئەوکات وەك ئێستا نەبوو، سەردەمی میلشیای چەکدارو شەڕی ناوخۆبوو، هەرکەسێك چەکی بۆ حزب هەلگرتبا، هەرچی ڕەگەزی مێیە لە بنەماڵەکەیدا قەلاچۆی کردبا بەناوی شەرەفەوە کەسێك، نە دادگا، نەپۆلیس نە حزب نوتەقی لێوە نەداهات.. لەناو ئەو تەمو مژەدا شلێر تێداچوو، چارەنووسی نەشمیلیش ڕەش بوو، جوامێر تەنها مەرجێکی بۆ پێکهاتنەوەو سوڵحی عەشایەر دانا کە ئازاد نەکوژی، ئەویش بەخشینی نەشمیل بێت پێی بە جلو زێرەوە کە ( ١٠٠)مسقاڵ زێرشی بۆ بکەن، لەوکاتەشدا ئازاد هەرچی دەیگوت، قسەکانی لێوەنەدەگیراو هیچ فایدەی نەبوو. ئێستا ١٠ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕدەبێت، بەلام ڕۆژ بەڕۆژ ژنکوژان زۆر دەبنو ئاگری جەستەی کچانو ژنان کە لە حەجمەتی مێردو کەسو کارو خێزان خۆیان دەسوتێن گەورەتر دەبێت.. بۆ(١٠) ساڵ دەچێ نەشمیل لە ژیانێکی دۆزەخی دایە لەگەڵ جوامێرو (١٠) بەهاریشە گیا لەسەر گۆڕی بێنازی شلێر سەوزدەبێتو وشك دەبێتەوە..

تێبنی:

ئەمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو چیرۆکەکەی چەند ساڵێك لەیەکێك لە گوندەکانی کوردستان ڕووی داوە، بەلام ناوەکان خوازراونو ڕاستەقینەنینن تەناها ڕوداوەکە واقعیەو نووسەر وەکو چۆن لە کەسو کاری بیستوویەتی خەڵکی باسی دەکات، هەروەها لە نزیکەوە شلێری دەناسیو بۆ ماوەیەکی زۆر دراوسێیان بووە ئەو چیرۆکە هەواڵی نووسیوە.



# تیشكێك بۆ سەرچەپەیی قوتابی لەنوسیندا

و : م. خالید ئیبراهیم

بەشەكانی جەستەی مرۆڤ جووتو هاویەكن، بەشێوەیەكی یەكسان بەسەرهەردوولای جەستەدا دابەش بوون. بەڵام مرۆڤ لەبەكارهێنانیاندا بەنایەكسانی مامەڵەدەكات، زۆربەمان لەبەكارهێنانی هەربەشێكی جەستەدا لای ڕاست پێش دەخەینو بەكاری دەهێنینو كەمتر لای چەپ ڕۆڵ دەبینێت لەهەركارێكدا مەگەر كارەكە پێویستی بەهەردوو بەشی ڕاستو چەپی ئەو ئەندامە ببێت لەبەكارهێناندا. تەنانەت بۆ بیستن زیاتر سوود لەگوێی ڕاست دەبینرێت، بۆ تێڕامانو ورد بوونەوە زیاتر پشت بەچاوی ڕاست دەبەسترێت. بەو پێیە مرۆڤەكان بەشێوەی ناخوودئاگا ڕاستەن، یاخوود بەشی ڕاستی جەستەیان دەخەنە پێش بەشی چەپیان، هەر لەبەر ئەمە تەنانەت داتاشینو دروستكردنی وشەو زاراوەیەك بۆمرۆڤی ڕاستە گرنگ نەبووەو بۆبیستن شتێكی ئاشنا نیە، لەكاتێكدا زاراوەی چەپە شتێكی بیستراوو ئاشنایە. هەموو كارەكانمان بەبەشی ڕاست ئەنجام دەدرێن، ئێمە بەشێوەیەكی خۆرسك ڕاستە دەست ڕاستە چاو ڕاستە گوێو ...هتد ) ین بەڵام كەسانێك هەن چەپ دەستو چەپ گوێو چەپ چاوون.

*** لایەنی چەپ دەستی**

ئەوەی مەبەستی باسكردنی ئێمەیە چەپەیی قوتابیو منداڵانە لە نووسینو كاركردندا. ئێمە منداڵو نەوجەوانو تەنانەت كەسی بەتەمەنیش دەناسین كە لە ئەنجامدانی كاری ڕۆژانەیانو لەوەرگرتنو پێدانەوە دەستی چەپیان بەكاردێنێو بەچەپ دەنووسنو كاردەكەن. ئەم دیاردەیە لەمنداڵاندا بۆتە هۆی نیگەرانی دایو بابو مامۆستایان، ئەم دیاردەیە لەزۆرلاوە لێكۆڵراوەتەوە، بایۆلۆژیەكان دەیگێڕنەوە بۆ بۆماوە، دەرونزانان دەیگێڕنەوە بۆ هۆشو چۆنێتی كاركردنی مێشك، مامۆستاو ڕاهێنەران دەیگێڕنەوە بۆ شێوازی ڕاهێنانو فێركردن. دكتۆرەكان پێیان وایە پەیوەندی بە دەردراوەكانو پاشەڕۆكانی مێشكەوەیە.

*** بیرورا دەربارەی چەپ دەستی**

زۆربەی مامۆستاو دایكو باوكان مەسەلەی چەپەیی منداڵ بەشتێكی خراپو نێگەتیڤ دەزانن. گومانیان هەیە كەمنداڵی چەپە لەڕوی زەینیەوە دواكەوتووەو بێ توانایە. پێیان وایە كە لەئایندەدا منداڵی چەپە ناتوانێت سەركەوتنی باش لەخوێندندا بەدەست بهێنێو لەئایندەیان دەترسن. بەبەڵگەی ئەوەی كە بەشێكی زۆری ئەوئامێرو كەلو پەلانەی كە تەكنۆلۆژیای ئەمڕۆ دروستی كردوون گرتنیان بەدەستی ڕاست، تەنانەت پێنووس هەیە دروست كراوە شوێن پەنجەی گرتنی بۆكراوە بۆپەنجەكانی دەستی ڕاست. هەروەها هەندێك پێیان وایە كەبەدەسی ڕاست ناتوانرێت بەخێرایی ئیش بكرێت یاخود داهێنانێك بكەینو یادەست ڕەنگینییەك بنوێنی. ئەم هۆكار گەلە دەبنە هۆی ئەوەی كەدایكو باوك نیگەران بن.

***چەپەیی لەڕوی زانستییەوە**

لەدیدگای زانستییەوە چەپ دەستی منداڵ شتكی ئاساییە، هیچ گرفتێكی وای تێدانییە كەبۆی نیگەران بین. بەلەبەرچاو گرتنی زەمینەو هەلومەرجی كاركردنی مێشكی مرۆڤ هەروەها بەهۆی ئەوەی كە هەركەسەو بەشێوەو ئاراستەیەك خو بە كاركردنەوە دەگرێت دەكرێت بڵێین شتێكی ئاساییە. جگە لەمانە چەپەیی گرفتێكی یاساییو عەیبێكی ڕەوشتی نیە تاكو بۆی نیگەرانو هەستیاربین. بەهۆی بوونی چەندین كەسی چالاكو بەتواناو كارامەی چەپە، دەتوانین دڵنیابین لەوەی كە چەپەیی هیچ پەیوەندی بە دواكەوتوویی مێشكەوەنیە. ئێوە كاتێك دەزانن كە ژمارەی چەپ دەستان چەندە زۆرن كە منداڵەكانتان ئازاد بكەنو لێگەڕێنو سەرزەنشتیان نەكەن كە بەكام دەستیان دەنووسن. بەپێی توێژینەوەیەك كەلەسەر منداڵانی ئینگلیز ئەنجام دراوە ژمارەی منداڵانی چەپە ٨,٨٪ بووە، لەهەندێ وڵاتانی دی ژمارەكە زۆر زیاترە. بەپێچەوانەی بیروڕای گشتی خەڵك كە چەپەیی بە ئەنجامی دواكەوتوویی مێشك دەزانن، پێویستە بزانین كەسەرەڕای چەپەیی خەڵكانێك لەكاركردندا پێشینەو ئەزمونیان سەركەوتنی بەرچاویانی تۆماركردووە. لەناویاندا بلیمەتی گەورە هەن وەكو (لیوناردو دافنشی) كەهونەرمەندێكی شێوەكاری بەناوبانگی جیهانیەو دەستی چەپی بەكار هێناوە لە كاتی وێنەكێشاندا.

*** سەرەتای سەرهەڵدانی چەپ دەستی**

هەناوەكو ئێستا نەزانراوە كەچەپدەستی منداڵ لەچ تەمەنێكەوە دەست پێدەكات. هەندێك لەو باوەڕەدان كە لەكۆتایی ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵەوە دەست پێدەكات واتا منداڵی یەك ساڵە بۆ وەرگرتنی شتێك دەستی چەپی پێش دەخات. هەندێكی دی دوای تەمەنی شەش مانگی بەسەرەتای دەست پێكردنی چەپدەستی دادەنێن چونكە منداڵ لەو تەمەنەدا دەست بۆشت درێژ دەكات.

***پۆلێن كردنی منداڵی چەپ دەست**

بۆپۆلێن كردنی منداڵانی چەپ دەست كەئایا سەر بە چ گروپێكنو چ تایبەتمەندیو خەسڵەتێكی جیاوازیان هەیە جگە لە چەپەیی هیچ وەڵامێكمان پێ نییە، بەڵكوو ئەمانە وەك هەر منداڵانێكی دیكەی كۆمەڵگاكانو هیچ جیاوازیو نیشانەیەكی تایبەتیان نیە. وەك پێشتر باس كرا ئەگەر منداڵان ئازاد بن لەبەدەست گرتنی پێنووس دەبینین زیاتر لە ٨٪ ی منداڵان چەپەن، هەروەها كوڕان زیاتر لەكچان چەپەن. بەپێی ئەو ئامارو توێژینەوانەی كە لەسەر منداڵانی ئەمریكا ئەنجام دراوون ١١,١٪ ی كوڕان چەپەبوونو ٩,٧٪ ی كچان چەپەبوون.

***مەیلی گۆڕین**

زۆربەی دایكو باوكو مامۆستایان حەزدەكەنو دەیانەوێت شێوازی نووسینی منداڵو قوتابیەكانیان لەچەپەوە بگۆڕن بۆڕاستە، چونكە پێیان وایە ئەو كارەی كەكەسێكی ڕاستە ئەنجامی دەدات لەتوانای كەسێكی چەپەدانییە. یاخود دەڵێن بەرهەمەكانی تەكنۆلۆژیا زیاتر بۆدەستی ڕاست دروستكراون بۆنمونە بڕغوی مەكینەیەك یان وەك دیاردەیەكی باوی كۆمەڵگا كەخەڵك بەگشتی ڕاستەن، بۆیە دایكو باوكو مامۆستایان هەستەوەریان بەرامبەر بە چەپە هەیە.

سەرچاوە: ئینتەرنێت

# گوندی شێخ ئاودەڵان لە دەڤەری پشدەر

**ئا:سەیران ئیبراهیم و داستان عەلی**

لەکوردستان ژمارەیەکی زۆر گوند هەیە، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆیانن، بەجۆری جیاواز لەنێوانیاندا هەیە، لەڕوی(شوێنی جوگرافی، لایەنی مێژووی، سیاسی، کۆمەڵایەتی.... هتد)بۆیە لێرەدا دەمانەوێت باس لەگوندی (شێخ ئاودەلان) وەکو یەکێك لەگوندەکانی دەڤەری پشدەر بکەین، بۆ دەرخستنی لایەنە جۆر بەجۆرەکانی.

لەڕووی کارگێڕی و جوگرافیاوە□

گوندی(شێخ ئاودەلان)کە لەڕووی بەرێوەبردنەوە سەر بەناحیەی(هەڵشۆ)و قەزای(پشدەر)و پارێزگای(سلێمانی)یە، دەکەوێتە باکووری قەڵادزێ، بەدووری نزیکەی(١٥)کم، لەدامێنی چیای(مامندە)یە، سێ لای باکوروڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەرزاییە، بەڵام بەشی باشووری دەشتاییە، گوندەکە لەگەڵ کۆمەڵێ گوندی دیکەدا هاوسنوورە، لەگەڵ گوندەکانی بێ گەلاس لەباکورەوە، شۆڕان و تەنگژە لەباشوورەوە، لەرۆژهەڵاتەوە لەگەڵ هەڵشۆ گولان و لەرۆژئاوایەوە لەگەڵ ئەمەرکاکۆڵ هاوسنوورە.

ناوی گوندی شێخ ئاودەلان□

بۆ یەکەمجار کەسێك بەناوی(شێخ عبدالله) دەواری نیشتەجێ بوونی خۆی تێدا هەڵداوەو ئاوەدانیی کردۆتەوە، ئەم پیاوە لەگەڵ خێزانەکەیدا لەشوێنی ئێستای گوندەکە نیشتەجێ بووە، بۆ بژێوی ژیانی پشتی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەستووە، بەتێپەڕبوونی کات و ماوە لەگەڵ ڕۆژگار ئەم ناوە بەرە بەرە گۆڕانی بەسەرداهاتووەو دوچاری داتاشین بووە بۆ (شێخ عەودەڵان)دواتر بەتێپەڕبوونی کات بووەتە(شێخ ئاودەلان)، بەڵام ڕایەکی دی هەیە ئاماژە بەوە دەدات(شێخ عەودەڵان) ژیانی گوند بەجێدێڵێ و بەرەو شاری هەولێر کۆچ دەکات و لەوێ تا کۆچی دوای کردنی دەمێنێتەوە. لەوجێگەیەی ئێستا بازاڕی (شێخ ئەڵڵا)ی تێدایە بەخاك دەسپێردرێت، پێ دەچێت ناوی بازاڕەکە هەر لەناوی ئەوەوە وەرگیرابێت.

کورتیەکی مێژووی بنیادنانی گوندەکە□

ئەگەرچی بەهۆی ئەو دۆخ و هەل و مەرجە دژوارانەی بەسەر میللەتەکەمان داهاتووە، تۆماریکی وورد لەبەردەست نیە بۆ زانینی تەواوی لایەنەکانی گوندەکە، بەڵام شوێنەوارو پاشماوەکان و بوونی کۆمەڵێ دیارەدەو شتگەل شایەتی دروست بوونی لەمێژینەن.

بەپێی ئەوەی لە باب و باپیرانەوە دەماو دەم بەئێمە گەیشتووە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ زیارتر لە(٢٠٠)ساڵ، کە شێخ عەبدوڵڵا سێ کوڕی دەبێت، یەکێکیان دەچێت بۆ گوندی(وەسوێن)لە ئەوێ ئاوەدان دەکاتەوە، یەکێکی دی دەچێت بۆ وڵاتی ئێران ئەوی دیکەیان هەر لە شێخ ئاودەلان دەمێنێتەوە، کە ئەمەیان سێ کوڕی بەناوەکانی(سوورە، بۆرە، فەقێ ئەحمەد) دەبێت، ئێستا هەر یەکە لەوانە بە تیرەیەك (تایەفەیەك)ی سەرەکی دادەنرێن.

پاشماوەو شوێنەوارەکانی گوندەکە□

ئەو شوێنەوارو پاشماوانەی لەگوندەکەو دەوروبەریدا بەدیدەکرێت، بەڵگەن بۆ ئەوەی ئەو گوندە لە دێزەمانەوە ئاوەدان بووە بەڵام تەنها سەربووردەی (٢٠٠□٣٠٠) ساڵی تارادەیەك روونە، لە جێگەیەکی گوندەکە گۆڕستانێك بوونی هەیە بەناوی (ئەمشەدان)، (هەمشادان) یاخود (مەشهەدان) کەرووبەرەکەی زۆر فراوانەو سیمایەکی زۆر کۆن لە شێوەو جۆری گۆڕستانەکە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە بە بیری دانیشتوانی هیچ کام لە دانیشتوانی گوندەکە نایەت تەنانەت یەکێك لە پیرە پیاوەکانی گوندەکە کە تەمەنی لەسەرووی( ١٠٠)ساڵەوەیە، باس لەوەدەکات کە هیچ مردوویەك لەسەردەمی ئێمەدا لەو گۆڕستانە نەنێژراوە، تەنانەت دارو درەختەکانی ئەو گۆڕستانە هێندە مەزن و بەتەمەنن لەسەردەمی منداڵی پیرە پیاوانی گوندەکە هەروابوون، بەجۆرێ دارێك هەیە کە پێی دەگوترێت (دارە لوسە) یان (دارەلوسکە) ئەستوورەیەکەی لە(٦)م زیاترەو بەرزیەکەی(١)م بەڵام لەسەرووی ئەو مەترەوە دەبێ بەدوو لق هەر لقێکیان لە(٣)م زیاترە، بەرزیەکەی نزیکەی(٥٠)م دەبێت، کە مەزنترین درەختی ناوچەکە ناسراوە، ئەمە جگە لەوەی گۆڕستانێك لەناوچەکەدا بوونی هەیە کە لەسەر شێوازی ئیسلامی نەنێژراون بەڵکو رووەو رۆژئاوا نێژراون، ئەمە جگە لەدۆزینەوەی پاشماوەی کەل و پەلی شوێنەواری کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی بەر لەوەی لەلایەن شێخ عەبدوڵڵا ئاوەدان بکرێتەوە ژیان و گوزەرانی تێدا بووە.

شێوەی هەڵکەوتەی زەوی و زاری گوندەکە□

١ دەشتەکان□زۆربەی دەشتە بەپیت و فەرەکانی کەوتونەتە بەشی باشورەوە، بەناوەکانی(ئەمشەدان، خوارەبن، زەویە هەنارۆکان) کە نزیکەی (١/٣) زەوییەکانی لەخۆدەگرێت، ساڵانە دانیشتوانەکەی و بەرووبوومی هاوینەی تێدا دەچێنن، لەوانە (تەماتە، پیاز، گوڵە بەڕۆژە، تور، .....هتد) بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر درەختی میوە بەرچاو دەکەوێت تیایدا.

٢ بانەکان□زۆربەی رووبەری زەوی ئەم گوندە شێوەی بانی هەیە، لەگەڵ بوونی هەندێ بەرزایی و گرد، کە ساڵانە بەرووبومی زستانەی لەجۆری(گەنم، جۆ ..هتد)بەرهەمێکی باشی دەبێ، هەم وەکو سەرچاوەی خۆراك بەکاردەهێنرێت، بۆ سامانی ئاژەڵیش وەکو(ئالیك، ئالف) بەکاردێت، لەنموونەی ئەم جۆرە بانە(پیرە ڕەش، کانی بی).

٣ چیاکان□ رووبەرێکی فراوان لە زەوی ئەم گوندە پێك دێنن، بەوە جیادەکرێنەوە کە بەرزن و تارادیەك سەختن، کە بەدارستان و درەخت باڵاپۆشن، تەنها هەندێك شوێنی گژوگیای تیادایە بەهۆی بەهێزی شەپۆلی ئاوهەواو کاریگەری باوباران لەوەرزی زستاندا کەمترخۆ راگرن، هەرچەند سوودیان لێوەرگیراوە لەڕووی ئابووریەوە بەشێك لەوانە بە درەختی (مێو)چێنراون، بۆ لەوەرگای سروشتیش بە پلەی یەکەم کەڵك و سوودی لێوەردەگیرێت، نموونەی چیاکان(زینوێ چاوڕێژان).

ئاوهەوای گوندەکە□

١ وەرزی زستان□ لەم وەرزەدا پلەی گەرمی زۆر نزم دەبێتەوە، بە ئەندازەیەك لەهەندێ رۆژدا دەگاتە ژێر(سفر)ی سەدی، برانی زۆرەو بەفری زۆری لێ دەبارێت، بەو پێیەی بەقەد پاڵی چیاوەیە، ئەمە جگە لەوەی رەشەبایەکی ساردی هەیە کە لەباکوورو باکوری رۆژهەڵاتیەوە دێت.

٢ وەرزی هاوین□لەم وەرزەدا هەندێ جار پلەی گەرمی زۆر بەرزدەبێتـەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆر فێنکترە لەناوچەکانی دی، بەهۆی بوونی دارودرەخت و سەرچاوەی ئاوی سازگار، هەندێك جار لەوەرزی بەهاردا رەشەبایەکی توند هەڵ دەکات، کە زەرەد بە بەرهەمی کشتوکاڵی دەگەیەنێت بەتایبەتی(گەنم وجۆ).

سەرچاوەکانی ئاوی گوندەکە□لەرووی سەرچاوەی ئاویەوە تارادەیەك باشە ژمارەیەك سەرچاوەی ئاوی لەگوندەکە بوونیان هەیە، کە لەڕووی شێوەو چەندێتیەوەو لێك جیاوازن، وە هەروەها لەڕووی وەرزەکانی ساڵیشەوە، بەشیوەیەکی گشتی دوو سەرچاوەی ئاوی هەیە□

١ سەرچاوەی ئاوی رۆیشتوو□ ئەو ئاوانەن



گوندی شێخ ئاودەلان بەکامیرای عەبدوڵڵا سوور

کەلە کونو کەلەبەرەکانی زەویەوە دێنە دەرەوە، بۆ ئاودانی زەویە کشتوکاڵیەکان بەکاردەهێنرێن، ئەمە جگە لەوەی سامانی ئاژەڵ سوودی لێ، دەردەگرێت بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا، ئاوەکە بەگوێرەی رووبەری زەویە کشتوکاڵیەکانیەش‌و سەعات‌و رۆژ دیاریکراوە.

٢-سەرچاوەی(ئەستێرە)یان(ئەستێرك): ئەمە لەشێوەی حەوز دایە، بەجۆری ئەو جێگایانەی کە ئاوێکی کەمیان هەیە، دوای کۆکردنەوەیان لەوجێگەیەدا، ئینجا بەکاردەهێنرێن بەمەبەستی ئاودانی زەویەکان، ژمارەیەکی زۆر لەم جۆرە تیایدا بەدیدەکرێت، نەك تەنها لەوگوندە تەنانەت لەزۆربەی گوندەکانی پشدەر ئەوە بوونی هەیە.

روووەکی سروشتی لەگوندەکە:

ئەو ناوچەیە بەهۆی بوونی ئاوهەوایەکی لەبارو دەرکەوتنی هەرچوار وەرزی ساڵ تیایدا، چەند جۆرێك رووەکی سروشتی بەرچاودەکەوێت، بەجۆرێ تەواوی ناوچە شاخاویەکانی دەوروپشتی بەدارستانی گەلاوەریوی وەك(بەڕوو)و(مازوو)ن، هەروەها چەندین درەختی دیکەی (بەلاڵووك، گێوژ، دارەبەن، قەزوان)ی تێدایە، بوونی دارستان‌و روەکی سروشتی بووەتە هۆکارێ: بۆ بوونی سامانی ئاژەڵی کێوی وەك(ڕێوی، کەروێشك، کەو..هتد) کە لەڕابردوودا زۆربووە بەلام بەهۆی زۆر راوکردنی بەرەو کەم بوونەوەو لەناوچوونە، دیارە ئەو ئەوگژوگیاو دارستانەی کە هەیە بەدەر لەبەکارهێنانی بۆ بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ‌و پێداویستی مرۆڤ، بۆ بەرهەمهێ، کانی داودەرمان‌و بۆن خۆشی بەکاردێن.

هەل‌و مەرجی دانیشتوان لە سەردەمی کۆن‌و تازەدا:

لەسەردەمی پێشوودا لەڕووی ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیری‌و سیاسیەوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، لەڕووی ئابووریەوە زیاتر دانیشتوانەکەی پشتیان بەکشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری بەستووە، لەڕووی کۆمەلایەتەوە گیانی هاوکاری تەبایی‌و رێزگرتنی میوان‌و خەڵکی غەریب بوونی هەیە، هەموویان لەرووی نزیکایەتیەوە لەیەکەوە نزیکن، لەڕوانگەی رۆشنبیری‌و زانیاریەوە لە حوجرەو مزگەوتەکان‌و زانیایانی ئاینی کە لەکۆن دا خوێندن هەر بەوشێوەیە بووە، لەهەوڵ‌و کۆشش دابوون بۆ زانست‌و زانیاری، هەر بۆیە یەکەمجار لەساڵی(١٩٧٢)لەژێر چاودێری‌و سەرپەرشتی شۆڕی ئەیلول قوتابخانەی نارەسمی دروست کرا، بەرەسمی لەساڵی(١٩٧٣) کراوەتەوە، دیارە لەڕووی سیاسیەوە دانیشتوانەکەی بەگشتی گیانی نەتەوەیی‌و نیشتمان پەروەرییان تیادایەو لادێکەشیان لەو پێناوە لەساڵی(١٩٦٣-١٩٧٥)بارەگای شۆڕشی ئەوکاتی لێ بووە، لەسەردەمی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ گوندەکە پشت‌و پەناو داڵدەی پێشمەرگەبووە.

بەلام لە سالانی حەفتاکان دانیشتوانی گوندەکە خەریکی کڕین‌و فرۆشتنی کالاو هێنان‌و بردنی بوون، لەنێوان قەلادزێ-ئێران، کە ناوچەیەکە تارادەیەك لەسنورەوە نزیکە، بەلام ئەم کارە لەلایەن رژێمی ئەوکاتەی عێراق رێگری لێ دەکرا، بۆیە شێوەی بازرگانی (قاچاخچێتی)دوور لەچاوی حکومەت سەریهەڵدا. لەساڵی(١٩٧٨) گوندی شێخ ئاودەلان وەکو باقی گوندەکانی دیکەی سنووری پشدەر راگوازراو بووە ناوچەیەکی قەدەغەکراو، دانیشتوانەکەی راپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکانی وەك(ژاراوە)کران. لەدوای راپەرین گوندی شیخ ئاودەلان ئاوەدان کرایەوە، زۆرێ لەخەڵکەکەی گەڕانەوەو دەستیان کردەوە بە پیشەی کشتوکاڵ‌و زیندووکردنەوەی رەزوباغ‌و دارستانەکانیان.

بۆ یەکەمجار لەساڵی(١٩٩٣)قوتابخانەی تێدا بنیادنرایەوە، لەسەردەمی ئێستا هەل‌و مەرجی دانیشتوانەکەی تاڕادەیەکی بەرچاو پێش کەوتووە لەڕووی رۆشنبیری‌و ئابووری‌و کرانەوەیان بەنیازی دەرەوەو چەندین لایەنی دی، بەشێوەیەك رێژی خوێندەواری تاڕادەیەکی باش بوونی هەیە، بەلام لەگەڵ ئەمەش دا لەکاتی ئێستادا دیاردەیەك لەگوندەکانی بەدیدەکرێت، کە لەزۆربەی ناوچەکانی دی بەشێوەیەکی دیارو بەرچاوە، بەلام لەگوندی شێخ ئاودەلان هەندێك لەدانیشتوانەکانی لەبەر نزم بونی ئاستی ئابووری یان بەهۆی کشتوکاڵ بیریان لەوە کردەوە بەرەو شارەکان کۆچ بکەن‌و لەوێ بەپیشەیەکەوە خەریك بن، یاخود بەهۆی نەبوونی قوتابخانە بەمەبەستی تەواوکردنی قۆناغەکانی دوای سەرەتایی‌و ناوەندی بەرەوشارەکان دەڕۆن.

# گەشتێك بۆ سەردەشت

کامەران عەبدە ساڵح

شارۆچکەی سەردەشت کەوتۆتە باشوری پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتەوە، جگە لە مەرکەزی ناحیەکە خۆی، لە ٩٤ گوند پێکهاتووە، لەوانە (مەمکاوێ، شڵماش، واوان، نەلاس، فەقێ سێمان، بناوێ) هتد... دوای ئەوەی ماوەیەك لەمەوبەر سەردانی ئەو شارۆچکەیەم کرد، بەپێویستم زانی دەربارەی هەندێ داب و نەریت و چۆنێتی گوزەرانی دانیشتوانەکەی، ئەم ڕیپۆرتاژە بۆ گۆڤاری زنار ئامادە بکەم.

**سەردەشت و دیاردەی فرەژنی:**

ئەگەرچی سەدان ساڵە دیاردەی فرەژنی لە سەردەشت (وەك هەر شارو شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستان) بوونی هەیە، بەڵام هەروەك چەند خانەوادەیەکی نیشتەجێی ئەو شارۆچکەیە باسیانکرد لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەندووە.

ئەیوبی حەسەنفەرد گەنجێکی تەمەن بیست و نۆ ساڵە، ئاماژەی بەوەدا کە ماوەی دووساڵە ژنی دووەمی هێناوەو (گەر خوا هەڵیسوڕێنێ !)ژنێکی تریش دێنێت. گووتی: (قەیدی چییە، خۆ نە شەریعەت و نە دەوڵەت ڕێگرنین لەوەی پیاو خاوەنی چەند ژنێك بێت)، ئەو پێیوابوو هەر لە ئەزەلەوە واهاتووە، پیاو ئارەزووی زۆرەو، بە تاقەژنێك دڵی ئاوناخواتەوە)!. هەندێك لەپیاوانی ناوچەکە وەك (چاولێکەری!) ژنی دیکە دێنن، بێئەوەی هیچ بیانوویەکیان هەبێت.

جەمال کەریمی تەمەنی چل‌وسێ ساڵە، ماوەیەکە لەگوندی بێورانەوە هاتۆتە سەردەشت، هەرچەندە داهاتێکی کەمی دەستدەکەوێت بۆ بژێوی خێزانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریداوە هەرچۆنێك بێت ژنی دووەم بهێنێت، بە بڕوای ئەو فرەژنی بۆتە (مۆد) لە شارۆچکەکەیان و هەرپیاوێك نەیکات بە دوو ژن هاوڕێکانی بە گاڵتەوە ناوی لێدەنێن (ئۆمەر)، ئەم ووشەیەش لە کوردەواریدا بە کەسێك دەوترێت کە (ژنانی!) بێت، گوێڕایەڵی ژنەکەی بێت و لە فەرمان و ڕێنمایی ئەو دەرنەچێت. سەیر لەوەدایە، هەندێ لە ژنانی شارۆچکەکەش بڕوایان بە فرەژنی هەیەو ڕەتی ناکەنەوە!

مام حەمید تەمەنی لە سەرووی پەنجاساڵەوەیە، سێ ژنی هێناوە کە یەکێکیان ئێستا لەژیاندا نەماوە، وەك خۆی ئاماژەی پێدا ماوەی مانگێکە ژنێکی دیکەی مارەکردووە کە بێوەژنەو هێشتا نەیگواستۆتەوە، لەو بارەیەوە ڕای یەکێك لە هاوسەرەکانیم وەرگرت، بەپێکەنینەوە گووتی (یاخوا پیرۆزی بێت، خۆ کارێکی حەرامی نەکردووە، خوداو پێغەمبەریش پێیان ناخۆش نیە، ئەوجا خۆ ژن ژنی نەخواردووە، ماڵ‌وحاڵێکی گەورەو فراوانمان هەیە، گەر حەزدەکات با سێ ژنی دیکەش بێنێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە وێڵمان نەکات).

پورە خەج - پیرەژنێکی تەمەن حەفتاوپێنج ساڵە، کاتێك زانی باس لە فرەژنی دەکەین، خۆی لێمان نزیك خستەوەو، گووتی: ئەوەی بڕوای بە ژنهێنانی زۆر نەبێت ئیمانداریش نیە، کوڕەکەم لەسەرداوای من ژنی دووەمی هێناوە، پێمباشە بیکاتە سێ، جێی خۆیەتی هەرپیاوێك لە سێ ژن کەمتر نەهێنێت، چونکە لە خودای بەزیادبێت ئێستا وەك جاران نیە، ژن زۆرەو با پرچی سپی نەهۆننەوە!.

هەندێك لە ژنانیش وەك تۆڵەکردنەوەیەك لەو هاوڕەگەزەی خۆیان کە ژیانی لێ تێکداون، حەزدەکەن مێردەکانیان بیکات بە سێ ژن و بگرە زیاتریش، هەروەك نەجیبە ئەحمەدی گووتی: پەدڵ حەزدەکەم مێردەکەم ژنی سێیەم بێنێت، بۆ ئەوەی (هەوێ)کەم وەك من ماڵوێران بێت و، ئەویش ژنی بەسەربێت. پێشینانمان وتویانە (پیاوی دووژنە، جەرگی کون کونە)، کە مەبەست لێی ئەوەیە ژنەکان بەیەکەوە هەڵناکەن و، هەرجارە کێشەیەك بۆ پیاوەکە دروستدەکەن. بەڵام ئەوەی من لە یەکێك لە ماڵەکانی سەردەشت بینیم، تەواو پێچەوانەی ئەمە بوو.

ئامین و کاڵێ، دوو هاوسەری پیاوێکن، لە ماڵەوە وەك دوو هاوڕێ پێکەوە مامەڵەیان دەکردو نێوانیان زۆر خۆش بوو، وەك هاوڕێکەم بۆی باسکردم، هەمیشە ئاوەها تەبان و هەرگیز هەست بەوەناکەی هەوێی یەکتر بن. محەمەد کە هاوسەری ئەو دوو ژنەیە، بۆماندواو هۆکاری تەبایی خێزانەکەی بۆ خۆی گەڕاندەوە کە بە یەك چاو سەیریان دەکات و، جیاوازیان لەنێواندا ناکات، گووتیشی ئامادەنیم ژنێکی دیکە بێنم، چونکە پێموایە گەر بیکەم بە سێ ژن ئەوا کۆنترۆڵم لەدەست دەردەچێت و، ئەو ژیانەی ئێستام لێ تێکدەچێت.

ئەو هەرچەندە لاری نەبوو لەوەی هەرپیاوێك چەندین ژن بێنێت، بەڵام گووتی (ئەرکی سەرشانی پیاوە بە یەکسانی لەگەڵ ژنەکانیدا هەڵسوکەوت بکات). نابێت ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکرێت کە هەندێ لە پیاوان ئەو کاتە بڕیاری ژنی دووەم دەدەن کە بە تەواوی نائومێد دەبن لەوەی ژنی یەکەمیان منداڵی ببێت.

ناسری حەسەنپەنا یەکێکە لەو نمونانەیەو، گووتی: دوای ئەوەی پێنج ساڵ چاوەڕوانی منداڵ بووم و لەو پێناوەدا پارەیەکی زۆرم



چەند خانمێکی خەڵکی سەردەشت بەجل و بەرگی کوردیەوە



دیمەنێکی شاری سەردەشت

لەلای دکتۆر سەرفکرد، ناچاربووم بە ڕەزامەندی (ئاواز)ی هاوسەرم ژنێکی دیکە بێنم، ئەو گووتی کە هاوسەرەکەم نەك هەر ئەم کارەمی پێناخۆش نەبوو، بەڵکو خۆی سۆراخی ژنێکی گونجاوی بۆ دەکردم، دواجار هەرئەویش بۆی دۆزیمەوە!.

بەڵام (ئارامی میرزایی) تەمەن بیستوپێنج ساڵ کە هێشتا ژنی نەهێناوەو خۆیان گوتەنی (موجەڕەد)ـە، دژی فرەژنی وەستایەوەو، پێیگووتین: ئەوە زوڵمێکە لە ژنانو هەر ژنێکیش هۆشیار بێت شوو بە پیاوێك ناکات کە ژنی تری هەبێت.

نەوزادی سپهەری وەك ڕۆشنبیرێکی شارۆچکەکە، پەرەسەندنی دیاردەی فرەژنی بە فاکتەرێکی مەترسیدار زانی بۆ سەر ناوبانگی ناوچەکەیانو، گووتی: بەداخەوە لە سەردەمێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ جیهان بەرەو پێشکەوتنی زیاتر هەنگاو دەنێت، دیاردەیەکی دواکەوتووی وەك فرەژنی لای ئێمە زیاتر خۆی دەنوێنێت. ناوبراو یەکێك لە سلبیاتەکانی فرەژنی لە ناوچەکە لەوەدا بینیەوە کە هەندێك لەو پیاوانەی ژنی دووەم دێنن، ژنی پێشوویان لە داخا بەدووی پیاوێکی دیکە دەکەوێتو لەو نێوەشدا منداڵەکانی سەرگەردان دەبن.

هۆکاری یەکەمی تەشەنەکردنی دیاردەکەشی بۆ (لاوازی هۆشیاریی لای تاکەکان) گەڕاندەوە، لەو ڕووەوە گووتی: خەڵکی ئێمە ئەوەندەی گوێڕایەڵی قسەی پیرەمێردەکانن، هێندە وابەستەی ڕۆشنبیریو زانست نین.

دکتۆر عیزەدین یش، پێیوابوو کە پیاوان ئایینی ئیسلامیان کردۆتە بەهانەیەك بۆ پەنابردنە بەر فرەژنیو بڕوابوون بەو دیاردەیە، بەڵام گەر وردبینەوە لە سەدا نەوەدی ئەوانەی ژنی دووەمو سێیەم یاخود چوارەم دێنن، پیادەکاری ئەو ڕێنماییانە نابن کە قورئان وەك مەرجێك بۆیانی دیاریکردووە. لە بارەی ئەوەش کە ئایا چاوەڕواندەکرێت دەوڵەت سنورێکی یاسایی بۆ پەرەسەندنی زیاتری دیاردەکە دابنێت، ناوبراو گووتی: لە ڕوانگەی ئەوەوە کە بەشی زۆری قانونی ئێران لەسەر بنەمای شەرعی ئیسلام دامەزراوە، کارێکی لەوجۆرە مەحاڵە.

**سەردەشتو پیشەسازی دەستی:**

پیشەسازی دەستی یەکێکە لەو بوارانەی کە هەر لە سەدەکانی ڕابردووەوە لە سەردەشتو ناوچەکانی موکریان بونی هەبووەو، بەشێك لەدانیشتوانەکەی وەك سەرچاوەیەك بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی ژیانیان پشتیان پێبەستووە. لە ئێستای سەردەمی زانستو تەکنەلۆژیاشدا وەنەبێت ئەم بوارە ڕووی لەکزی کردبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرفراوانتر بووەو لەگەڵ بەرەوپێشچوونی سەردەمدا گۆڕانکاری تازەی بەخۆوەبینیوە. لە ئێستادا دەیان دارتاشخانەو، جۆلاو، کەوەنتەرسازو، هەڵلاجو، دەزگای توانەوەی ئاسن لە ناو سەردەشت بونیان هەیە، جگە لە چەندین شێوازی دیکەی پیشەسازی دەستی وەك: دروستکردنی گۆزەو تەنوری نانی ماڵانو..هتد..

نەوزاد ڕەسوڵ زیاتر لە سی ساڵە بە کاری دارتاشیەوە خەریکە، دەربارەی جیاوازی لەنێوان کاری ئێستاو ڕابردووی بۆماندواو گووتی: یەکەمجار تەنها خوانەو تیرۆكو نانبرێشكو لانکی منداڵانم دروستدەکرد، پاشان وردە وردە پیشەکەم گۆڕانکاری تێکەوتو لە ئێستادا کە خاوەنی چوار شاگردم دەرفەتمان نیە ئەو کەلوپەلانەی جاران کە ناوم بردن دروستبکەین، بەڵکو خۆمان بەمۆدێلاتی ڕۆژەوە سەرقاڵ دەکەین وەك دروستکردنی پێشانگای نوێنو کەوەنتەری تەختەو کەلوپەلی لەو جۆرە. هەروەها باسی لەوەکرد کە لەڕووی سەلیقەو دەسترەنگینیی دارتاشیەوە وەستاکانی سەردەشت لەڕیزی پێشەوەدان، لەو ڕووەوە گووتی: بازاڕمان گەرمەو هەرچەندە ڕۆژانە زیاتر لە ٢ پێشانگا ئامادەدەکەین بۆ مشتەریەکانمان بەڵام گەر



دیمەنی شەقامی سەرەکی شاری سەردەشت

کەسێك داوامان لێبکات تا دوومانگ نۆرەی نایەت.

وەستا حەمەی هەللاج  یش لەکاتێکدا خەریکی ئەنجامدانی کارەکەی بوو، پێیگووتین: گەرچی هەللاجی پیشەیەکی دێرینەو بۆتە بەشێك لە کەلەپوری نەتەوەییمان، بەڵام کۆن نابێتو ڕۆژ بە ڕۆژ هەرمێنمان زیاتر دەبێت، لەرێی ئەم کارەوە دەتوانین دەستکەوتێکی ماددی باش بۆ خۆمانو ماڵو منداڵمان بەدەستبێنین.

لە بواری پیشەسازی دەستیدا، ژنانیش جێدەستیان دیارەو بەشداری کارایان هەیە، خاتوو گەلاوێژ مەولودی – تەمەنی ٢٤ ساڵەو شووی نەکردووە، هەروەك خۆی باسیکرد ماوەی پێنج ساڵە کاری جۆلایی دەکاتو زۆر بەختەوەرە بەم کارەی. گووتی: ڕۆژانە زیاتر لە هەشت کاتژمێر لەگەڵ ئەم دەزگایەدا خەریك دەبمو هەندێ ڕۆژ دەتوانم قاتێکی بوزوی پیاوان ئامادەبکەم. دەربارەی دەستکەوتی ڕۆژانەشی پێیڕاگەیاندین کە کەمترین دەستکەوتی لەرۆژێکدا پەنجاهەزار تومانە.

هەروەك ئاماژەی بەوەشکرد کە جگە لەخۆی دوو خوشکی دیکەی لەماڵەوە بە هەمان کارەوە خەریکنو دەزگای تایبەتی خۆیان هەیە. جێی خۆیەتی گرنگی زیاتر بدرێت بە پیشەسازییە دەستیەکان لە سەرجەم شارو ناوچەکانی کوردستاندا، لە پێناو پشتبەستن بە سامانی نەتەوەییو تواناکانی ناوخۆ.

**سەردەشتو چەند بیروباوەڕێکی کوردەواری**

دوای ئەوەی لە گەشتەکەمدا سەردانی چەند گوندێکی سەر بە شارۆچکەی (سەردەشت)م کرد، چەندین دابونەریتو بیروباوەڕی دێرینی کوردەواریم بەدیکرد کە تائێستاش لای زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پشتیان پێدەبەسترێت، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێکیان بدەم:

★لە کاتی زەماوەندی ژنگواستنەوەدا، یەکێك لە کەسوکاری بوك پارچەپێستێکی ئاژەڵ لەبەرپێی بوکەخان ڕادەخات، گوایا بە ئەنجامدانی ئەم کارە پێوقەدەمی بەخێر دەبێت.

★گەر کەسێك نیازی سەفەری هەبێتو، کەسێکی دیکە لەلایەوە جارێك بپژمێت، ئەوا سەفەرەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە پێیانوایە ئەمە ئاگادارکردنەوەیەکی خوداییە لەوەی ئەو سەفەرە دەرەنجامی خراپی دەبێت، بەڵام ئەگەر پژمینەکە ببێتە دووجار ئەوا بەبێ دوودڵی بەرێدەکەوێت، گوایا ئەوەیان نیشانەی سەرکەوتویی سەفەرەکەیە.

★لە هەندێك گوندی سەر بە شارۆچکەی سەردەشت، منداڵێك کە تازە هاتۆتە دنیاوە نابێت تا سێ مانگ بشۆردرێت، ئەگینا تەمەنی کورت دەبێت.

★لە دێهاتە سنوریەکانی سەردەشتدا، گەر لە شەوانی وەرزی زستاندا سەگ بلورێنێت، خەڵکی ئاوایی لێی دێنەدەستو هەوڵی کوشتنی دەدەن، چونکە پێیانوایە ئەوە بانگی ڕەوەگورگ دەکات بۆ زیانگەیاندن بە مەڕەکانیان!.

★ئەگەر کچی خوار تەمەن ١٠ساڵ لە ماڵەوە دەستبداتە گەسك لێدان، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەو ماڵە لەنزیکترین کاتدا میوانی دووریان دێت، بەڵام ئەگەر دووپێڵاو کەوتنە سەریەك، بەو مانایەیە کە یەکێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە سەفەرێکی دێتەپێش.

★ئەگەر ژن لەپی دەستی چەپی خورا، نیشانەی ئەوەیە بەمزوانە بڕێك پارەی دێتەدەست، بەڵام گەر خورانەکە لە دەستی ڕاستدا بوو، ئەوا بەپێچەوانەوە هەندێ پارەیان لە دەست دەچێت.

★هەندێ لە ژنانی دێهاتنشین، لە ژەمی نیوەڕۆی ڕۆژانی یەکشەممەو سێشەممەی هەرهەفتەیەکدا چێشت لێنانێن، چونکە پێیانوایە ئامادەکردنی چێشت لەو دوو ڕۆژەی هەفتەدا بەدبەختیو ماڵوێرانی بەدوادادێت!.

# رۆژەکانی ژیانتان بژین

و:سجاد عەبدوڵلا

سامرست موئام نوسەری بەناوبانگی ئینگلیزی لە بەشی کۆتایی چیرۆکە بەناوبانگەکەیدا لە سەر زاری یەکێك لە پالەوانانی چیرۆکەکەی دەڵێت" ئایا هیچ شتێك لە دنیادا هەیە کاراتر لەوەی مرۆڤ بیەوێت چۆن ژیانی خۆی شیرین بکات؟ بەم جۆرە شەش شێوازی گونجاو بو باشتر کردنی ژیانمان دەخەینە روو.

١ بریار بدە ئەمرۆ بژیتو هەست کردن بە خۆشبەختی لەدڵی خۆتدا دروست بکە، زۆرێك لە خەڵکی هەوڵ دەدەن لە بری ئەمرۆ لە ئایندەدا بژین چاوەڕێی روداوێکن بە بۆچونی خۆیان دەبیتە هۆی فەراهەم کردنی هۆکارەکانی خۆشبەختی، دەڵێن کاتێك ژیانمان خۆش دەبێت، کارێکی باشترمان هەبێت یان پارەیەکی زیاترمان دەست بکەوێت یان خانو بکربن یان سەیارە بکرین یان منداڵەکانیان بگەنە ئەنجام.. ئەوان خۆشیو شیرینبونی ژیان هەمیشە لە ئایندەدا دەبینن بیر لەوە ناکەنەوە ئەمرۆش ژیان دەتوانێت شیرین بێتو بەخۆشی بژین ئەمرۆ تەنها رۆژێکە دەتوانی بژیت رابردوو رۆیشتو ئایندەش نەهاتووە، گرنگی دان بە ئەمرۆ لەخۆیدا تەواوی خۆشبەختیە. پاسکال فەیلەسوفی ناسراوی سەدەی هەڤدە لە فەرەنسا دەڵێت"ئێمەی مرۆڤ ناژین بەڵکو هەمووکات بە ئومێدی ژیان ژیان بەسەردەبەین " کەسێك کە هەمووکات بەئومێدی بەدەست هێنانی خۆشبەختیە لەئایندەدا ئەوا هیچ کات پێیناگات ئێستاکە زانیمان خۆشبەختی ئێمە پەیوەندی بە روداوەوە نیە بەڵکو پەیوەندی بە چۆنیەتی خوێندنەوەی ئێمە بۆ روداوەکە هەیە کەواتە دەبێت بزانین خۆشبەختی لە دەستی خۆمان دایە دەتوانین هەر ئەمرۆ بریار بدەین کە خۆشبەخت بینو بۆ ئەم کارە تەنها دەبێت کاردانەوەی باشمان هەبێت بۆ ئەمرۆ، لەبەرامبەر هەر روداوێك کە رودەدات بە گەشبینیەوە بەرەو روی ببینەوە.

٢ ئەمرۆ لەگەڵ خەڵکدا بژین، مرووڤ بونەوەرێکی کۆمەلایەتیەو کاتێك دەتوانێت خۆشبەختی بەدەست بهێنێت کە لەگەڵ خەڵکیدا لە کۆمەلگەدا بژیت، سەرکەوتنو شکستی ئێمە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەخەڵکەوە هەیە کەدەتوانین بلێین ژیان لەگەڵ خەڵکدا لەراستیدا بە گەورەترین هەنگاوی ژیان دەژمێردرێت ئەگەر وابیر بکەینەوە بەشتێکەوە پەیوەستین هەست بە دڵنیاییو بوون دەکەین، خۆتان لە سەر ئەوە رابێنن گرنگی بە کەسانی دەورو بەرتان بدەن، بزانن کە هەمیشە پێویستتان بە یەکتر دەبێت.

٣ خۆتان رابێنن لەسەر هاورێیەتی خەلکی دی پێویستیان بە خۆشەویستیو رێزە، بەهەمان رێژەی کە تۆ پێویستتە، چاوەکانت لە ئاست خەڵکی کراوە بێت بزانن کە خەڵکی چۆن هەڵسوکەوت دەکەنو کاردانەوەیان بەرامبەر بە روداوەکانی رۆژ چیە، ئەوەندە خۆتان سەرقال مەکەن کە پێویستیەکانی کەسانی دەوروبەرتان نەزانن، گەر دەتانەوێ هاورێیانە هەڵسوکەوت بکەن لە بەرگی خۆتان وەرنە دەرەوە، زۆرێك لە خەڵکی ئامادەنین لەو لەقالبدانەی خۆیان بێنە دەرەوەو هەروەها زۆربەی کات لە یادی شکستو نارەحەتیەکانی رابردویان دان، گەر دەتەوێت دەوروبەر گرنگیت پێبدەن دەبێت لەو قالبە ئاسنینەی کە بۆ خۆت دروستت کردووە بێیتە دەرەوە، بەم جۆرە هیچ کاتێك بێ دۆستو هاوەل نابیت.

٤ کارەکانی ئەمرۆ باش راپەرێنە زۆرێك لەو باوەڕەدان کە ژیان بریتیە لە گاڵتەو گەپ بەم جۆرە دەبێتە هۆی خۆش ژیان، بەڵام دەرکەوتوە خۆشیو رازی بونێکی بەردەوام لەژیان کاتێك بەدەست دێت کە کارەکانت بە باشی ئەنجام بدەیت. ئەریك فرۆم دەڵێت"خۆشیو لەزەت ئامانجی ژیان نین، بەڵام کارەکانی مرۆڤ خۆویستانە یان خۆنەویستانە دەبیتە هۆی ئەوەی خۆشی لە ژیان ببینین"ئەم وتەیە بەمانای ئەوەنایە کەوا زۆرلە خۆتان بکەن بۆئەوەی کاری زیاتر ئەنجام بدەن بەڵکو بەو مانایە دێت کەوا تامەزرۆیی زیاترتان بۆ ئەو کارە هەبێ کە ئەنجامی دەدەن، بەشێك لە خەڵکی شانسی ئەوەیان هەیە کە کارەکەیان تا رادەیەك خۆشیو لەزەتێکی هەیە لە کاتێکدا زۆرێك لە خەلکی لەم روانگەیەوە خۆیان بە خۆش بەخت نازانن بەردەوام ئەوە دوبارە دەکەنەوە کەوا بۆ پاروە نانێکی رۆژانەیان کار دەکەن، زۆرێك لە خەڵکی لە هەفتەدا دوچاری روداوێك دەبن کە بە رۆژی رەشی ناو دەبەنو کاتێکی زۆری خۆیان بەوە دەکوژن کە دەڵێن بۆچی دوێنی کە رۆژێکی خۆش بوو بۆ بەردەوام نەبو یاخود بۆ زوو تێپەری. لە کاتێکدا دەبێت بزانین کە بیر کردنەوە لە رابردوو داهاتوو بە شێوازێکی بەردەوام وامان لێدەکات کارەکانی ئەمرۆمان بە باشی بۆ ئەنجام نەدرێت. رابردوو داهاتوو فەرامۆش بکەنو کارەکانی ئەمرۆتان بەباشی ئەنجام بدەن دەبێتە هۆی لە خۆرازیبونتان بە مەرجێك ئامادەبن ئەم لە خۆ رازیبونە هەست پێبکەن.

٥ بە دەستێك دووگندۆرە هەڵمەگرن، هەموومان دەزانین کە هەبوونی دوکار لەیەك کاتدا چ واتایەك دەگەیەنێت ئەنجامی کارەکەمان دەبێتە هۆی تورەبونو نارەحەتبونو لەوانەیە بگاتە هۆی ئەوەی واز لە کارەکەمان بهێنین راستیەکەی ئەوەیە کە هیچ کەس لە یەککاتدا توانای ئەنجامدانی چەند کارێکی نیەو ئەگەر هەرکاریك لە کاتێکی دیاری کراو ئەنجام بدرێت بە دڵنیایەوە سەرکەوتوتر دەبێت چارلز دیکینز دەڵێت"لەو کارەوە دەست پێبکەن کە لە هەموو کارەکانی دی لە تۆوە نزیکترە ".

٦ بەرەو پێشچونو سەرکەوتن لە هزری خۆتاندا بەرجەستەبکەن بەشێك لە خەڵکی رۆژی خۆیان بەنارەحەتیو نێو چاوان گرژی دەست پێدەکەنو لە چاوەڕێی بەدبەختیو نارەحەتیدان، لە ئایندە زۆر دەترسن تەنانەت پێش چونە دەرەوەیان لەماڵو دەستکردن بەکار خۆیان بە شکست خواردوو بێتوانا دەبینن، لەکاتێکدا دەبێت لە بیری ئەوەدابین خوای گەورە ئەو رۆژەی بۆ ئێمە بەرهەمهێناوە هەوڵبدەین بە باشترینو خۆشترین شێوە بیگوزەرێنینو بەدوبارەکردنەوەی ئەمە لە مێشکی خۆماندا وەکو ئەوە وایە دەرونی خۆمان بەهێز کردبێ بۆ بەسەربردنی رۆژێکی خۆش، بیر لەو روداوە خۆشانە بکەنەوە کە لەوانەیە بۆ ئێوە روبدات، بۆچی لە کاتێکدا کە دەتوانی وێنای کاتەکانی سەرکەوتن بکەن لە مێشکی خۆتاندا بیر لە روداوی ناخۆشو شکست دەکەنەوە؟ تەنها ئەوەتان بەسە کەبیر بکەنەوە بریاربدەنو کارەکە ئەنجام بدەن، مرۆڤ تا سەرکەوتنی کارەکەی لەهزری خۆیدا نەبینێتو بەرجەستەی نەکات ناتوانێ سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بهێنێت، مێشکی مرۆڤ وەکو شاشەی سینەما بەردەوام کۆمەلێك بیرو وێنای جۆراوجۆر پێیدا گوزەردەکات، ئەگەر تۆ لەو کەسانەیت بیر لەناخۆشی دەکەیتەوەو وێنای شکست لە مێشکی خۆتدا دروست دەکەیت وەکو ئەوە وایە نمونەیەك پێشکەش بەنەست بکەیت تا لەسەر ئەو رێرەوی ژیانت دیاری بکەیتو دەبێتە بەشێك لەرەفتارو کەسایەتیت، تەنها کاتێك دەتوانیت لەوانە رزگارت بێت کە جێگەیان بە وێنای سەرکەوتنو بیری جوان بدەیتو لەناو روداوەکاندا وا نیشان بدەن کە لەترۆپکی سەرکەوتن دایت داوی ئەوە لە جیهانی بوندا هەول بۆ ئەو سەرکەوتنە بدە کە لەهزری خۆتدا بەدەستت هێناوە، ئالێرەدا دەتوانین بڵێن خەیاڵەکانتان دەبن بەراستی. لەیادتان بێت کەنابێت ئێمەی مرۆڤ بەبی پچرانو پشودان خۆمان ماندووبکەین لە کاتێکدا گوشارە جەستەییو دەرونیەکانمان زۆرن لەم سەردەمەدا، بۆیە هەوڵبدەن لەرۆژدا بەیانیان دوای نیوەڕۆیان پشویەك بدەن ئەگەر ماوەکەی (١٠) دەقیقەش بێتو تەواو هەوڵبدەن لەوماوەیەدا بیر لەهیچ شتێك نەکەنەوە یان بەلانی کەمەوە کاتی نان خواردنی نیوەرۆ لە گەڵ هاوکارانتان نان مەخۆن هەوڵ بدەن بەتەنیا بن بۆئەوەی ناچار نەبی لەکاتی نان خواردن بکەویتە ناو گفتوگۆی تایبەت بەکارەوە. کاتێك گەرایتەوە مالەوە هەوڵبدە سوود لەکاتی ببێکاریتان وەربگرن بۆ پێگەیاندنی خۆتانو دەتوانن رێگای زۆرو جۆراوجۆر بگرنەبەر بۆ ئەم مەبەستە بۆ نمونە ( فێربونی زمانێکی دی، خوێندنەوەی کتێب لەو بوارەی کە مەبەستتە دەتەوێت زانیاریت تێیدا زیاد بکات، یاخود هەوڵبدەیت ئامێرێکی مۆسیقی فێرببیت...) کاتی بێکاری کاتێکی گرانبەهایە هەوڵبدە لە دەستی نەدەیتو بە باشترین شێوە سودی لێ ببینیتو بەدیدێکی جوان سەیری بکەین جاناتا سویف شاعیری بەریتانی دەڵێت : "یەك بەیەکی رۆژەکانی ژیانتان بژین "

# داواکەی منو وەڵامەکەی (حەمەدۆستان)

غەفور هیرانی

چەند مانگێ لەمەوبەر، ویستم نووسەری کوردو رۆشنبیری ناوسراو لە وڵاتی سوید(حەمەدۆستان) بە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی لەسەر یەکێك لە پرسەکان بەسەر بکەمەوە. کاتێ ئیمیلێکم بۆنارد، چەند هەفتەیەکی پێچوو تا وەڵامی دامەوە.. بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامەکەی، زۆر گرنگە تۆزێك قسە لەسەر ئەم پیاوە بلیمەتە بکەم. ئەوەندەی من بزانم ئەو، زۆر دەمێکە کوردستانی جێهێشتووەوو لێرە نەماوەو لە وڵاتی سوید دەژی، ئەوەندەی من بزانم من هێشتا لەدایك نەبووم کە ئەو لە سویدە. حەمە دۆستان، لەسەر ئاستی کولتووریو ناوەندی ئەدەبی سویدیو وڵاتانی ئەسکەندەناڤی، نووسەرێکی ناسراوەو بەشدارێکی ئەکتیڤو چالاکی رەوتی رووناکبری ئەوێیە. حەمەدۆستان.. ئەوەندەی من ئاگاداربم تا ئێستا زیاتر لە پێنج رۆمانی بە زمانی سویدیو زۆرێك لەزمانەکانی دیکە هەیە، ئەمە جگە لە چەندنی وتارو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری دی لەبوارە جیاجیاکانی کولتووریو رۆشنبیریو رێکخراوەیی. بەڵام بەداخەوە دۆستان تەنها خاوەنی یەك کتێبە بەزمانی کوردی، کە لە سویدیەوە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

بەڵام بەداخەوە.. بەداخەوە بۆ ئەو سیستەمو ژینگە رۆشنبیریو سیاسیەی کە ئەو قەناعەتەی لای حەمەدۆستان درووستکردووە لە پەیامێکدا پێم رابگەیەنێو بڵێ" **زۆر پەشیمانم لەو کتێبەش کە بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، زۆر مەمنوونی کەسێکم کە هەموویان کۆ بکاتەوەو فڕێیبداتە ناو تەنەکەی زبڵ یان ئاودەستخانەی مزگەوتەوە..!**".

کوردستانی دوای راپەڕین پێویستی بە گەلێك لەو رۆشنبیرو دڵسۆزانە هەبوو کە لە دەرەوە دەژیانو جێگەی ئومێدی ئەمە میللەتە بەدبەختبوون لەچەشنی حەمەدۆستان، کە خاوەنی چ کۆنتاکتێکی مەزنە لەگەڵ دەزگا جۆربەجۆرە رۆشنبیریو فەرهەنگیەکانی دەرەوە، تا بگەڕێنەوەو بەدەورو توانی خۆیان بەشداری بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتە رووخاوەیان کردبا.

بابێینەوە سەر وەڵامەکەی دۆستان.. ئەو نەك هەر قبوڵی دانوستان نەبوو، لەگەڵ هیچ میدیایەکی کوردی، بەڵکو داوای سوتاندنی ئەو کتێبەشی دەکرد کە بە کوردی نووسیویەتی.. حەمە دۆستان، تەنیا نووسەرێك نییە کە هەناسە غەیبەکانی تاراوگەو غوربەت، بە نیشتیمان نەگۆرێتەوە، چەند ساڵە لە سایتو رۆژنامەو دیوانە شیعریەکان، تورەیی ئەو لەشکرە مەزنەی نووسەرانو ئەدیبان دەبیستین، کە تورەنو حەزناکەن بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، چونکە لەروانگەی ئەوان، (**غەریبی لەنیشتیمانی خۆتدا زۆر کوشندەترە لە غەریبی تاراوگە**). ئەو لە بەرسڤی داوکەمدا، سەرسامی خۆی لەوە دەردەبڕی کە لە کوردستانەوە پەیامی بۆدێت، چونکە ئەوپێیوایە کە خۆیو بەرهەمەکانی لە کوردستان بایەکۆتیان لەسەرکراوە..!. حەمەدۆستان رای لەسەر کوردستان وایە کە، هیچ شتێك نارِوات، نە ماڤی ئافرەت نە دیموکراسی، نە رێزنان لە یاسا، تەنها یەك شت لە کوردستان بەباشی دەڕوات ئەویش پرسە گرتنە کە بەشێکی هەرەزۆری کاروباری رۆژانە بۆتە بەرقیە لێدان بۆ پرسەو سەرخۆشی کردن. بەڵام ئەو باسی ئەوەی نەکرد کە بۆچی بایەکۆت لەسەر بەهەمەکانی هەیە، ئەو ئەوە بە نهێنی دەزانێو دەڵێت (نامەوێت باسیان بکەم). منیش ئەوە بەحەقی خوێنەر دەزانم، کە گلەیی خۆی ئاراستەی ئەو نووسەرو رۆشنبیرانە بکات کە بەو پاساوە درێژە بە عومری خۆیان لە دەرەوە دەدەنو دەڵێن ناگەڕێینەوە، بەڵام هیچ ئەوان مەبەستیان نییە ئەو خۆشیەی ئەوێ بە کوردستانێکی وێران بگۆڕنەوە، لێرەوە ئەو پاساوە دێنەوەوە گوایە کوردستان جێگەی ئەوانی تێدا نابێتەوەن ئەگەرچی من لەگەڵ بەشێکی زۆور لە بۆچوونەکانیانم، بەڵام باوەڕم وایە..(**ئەم کۆمەڵگایە هێندە تاریك نییە، هیچ نەبینین، هێندەش رووناك نییە، پێمانوابێت هەمووشتێك بەباشی دەڕوات**). بۆیە پێویستە وردترو لۆژکیانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخانەدا بکەین.

تورەبوونی دۆستان، تورەبوونێکی دەروونی تەنیاو فەردی نییە لە سیستەمو ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئێرە، بەڵکو تورەبووینی یەك نەوەیە لە شێوەی ژیانو ئایندەو چارەنووسی خۆی، لە ئەنفالو کیمیابارانو زیندەبەچاڵکردنی مەملەکەتێكو دواتریش سورانەوەی ئەنفالچیانو هێشتنەوەیان تەنانەت لەهەندێك جێ، ریزگردنو مکافەئەکردنیان، تورەبوونی دۆستان.. لەوەنییە، فەرشی سوری بۆ راناخراوەو دەزگایەکی گەورەیان نەخستۆتە بەردەست، بەڵکو تورەبوونی ئەو، لەو بێدەنگیو قبوڵکردنەوەیە، کە بەرامبەر فایل رەشان کراوە. بەڵام هیشتا وەکو گوتم شاینی بەراوردرکردن نییە بە دۆخێکی تەواو تاریك، بەڵکو بەشێك لە تاریکیەکەش لەئەستۆی خۆمانەو قبوڵی وەها دۆخێك دەکەین.. ئەمە قسەکردن نییە تەنها لەسەر دۆستان بەتەنیا، بەڵکو پێموایە رەنگە دۆستان پاساوی تەواو لۆژیکیو رەوای خۆی هەبێ لەسەر ئەو رایانەی کە دەیڵێ بەتایبەت ئەو کاتەی کە لە تەلەفزیۆنی نەورۆزو لە ساڵیادی ١٦/٣دا لە نووسەرێکی هەورامیم بیست کە حەمە دۆستانیش خەڵکی (**هەڵەبجە**)یە... بۆیە ئێستا باشتر درك بە هۆکاری ئەو تورەبوونەی دۆستان دەکەم کە لە ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئێمە هەیە...